# ژین

## یەکەمین رۆژنامەی تایبەتمەندی

## ئەدەبی و رووناکبیریی شاری سلێمانی

تویژینەوەی

**یاسین قادر بەرزنجی**

**لەسەر ئەرکی سەرۆکی حکومەتی هەرێم**

**بەرێز (د. بەرهەم ئەحمەد ساڵح) لەچاپدراوە**

سلێمانی / 2010

www.dengekan.com

070
ب 923 بەرزنجی، یاسین قادر
ژین.. یەکەمین رۆژنامـــەی تایبەتمەندی ئەدەبیو رووناکبیریی
شـــاری سلێمانی/ نووسینی یاسین قادر بەرزنجی.- سلێمانی:
(کۆمپانیای پیرەمێرد) 2010.
126ل: 21×15سم.-
1- رۆژنامەگەری- لێکۆڵینەوە -2- ناونیشان.

ناوی کتێب: ژین یەکەمین رۆژنامەی تایبەتمەند
ناوی نووسەر: یاسین قادر بەرزنجی
بابەت: توێژینەوە
مۆنتاژ: مەهدی ئەحمەد قادر
دیزاینی بەرگ: روناك رەسوڵپور
چاپ: کۆمپانیای پیرەمێرد بۆ چاپو بلاوکردنەوە لەسلێمانی
تیراژ: 500 دانە
ژمارەی سپار دن:2238ی ساڵی 2009ی وەزارەتی رۆشنبیری

نرخ: 2000 دینار

**پێشکەشە بە :**

**گیانە زیندووەکەی مامۆستا کاکەی فەللاح..**

**خاوەنی (ژین)ی حەفتاکانو مرۆڤی تێکۆشەرو**

**ئەدیبو رۆژنامەوانو دیموکراتخواز.**

**ی. ق. بەرزنجی**

## ڕوونكردنەوەیەك

ساڵی پار، واتە خوێندنی ساڵانی (2007-2008) دوای سەرلەنوێ بوونەوەم بە خوێندكار، لە دوا قۆناغی بەشی ڕاگەیاندنی كۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەكانی زانكۆی سلێمانی، بۆ ئەنجامدانی توێژینەوەی زانستی وەك مەرجی بەدەستهێنانی بڕوانامەی (بەكالۆریۆس)، بە هاوكاری مامۆستای بەڕێزم (د. سابیر بۆكانی و هەڤاڵ ئەبوبەكر) بڕیارمدا توێژینەوەكەم تەرخان بێت بۆ ڕۆژنامەی (ژین)ی ساڵی 1970 وەك یەكەمین ڕۆژنامەی تایبەتمەندی ئەدەبیی لە مێژووی ڕۆژنامەنووسیی كوردیدا، كە مامۆستای نەمر (كاكەی فەللاح) خاوەنی بووە و بە هاوكاری خوالێخۆشبوو (شێخ عەبدولقادر بەرزنجی) و نووسەرانی ئەو دەمە، بووەتە ئەستێرەیەكی درەوشاوەی كاروانی ڕۆژنامەنووسیی كوردی.

هەر بە بڕیاری بەشی ناوبراویش، هاوڕێی ئازیزم (م. هەڤاڵ ئەبوبەكر) بووە سەرپەرشتیاری توێژینەوەكە و ڕۆڵێكی گرنگی لەڕێنمایی ئەنجامدانی و هاوكاریی كردنم هەبوو، كە سوپاسی زۆری دەكەم.

لەکاتێکدا توێژینەوەکەم دەخەمە بەرچاوی خوێنەری بەڕێز، هیوادارم توانیبێتم لەچوارچێوەی کارەکەمدا، مانم دابێ بە (ژین) و ڕۆحی بێگەردی مامۆستای نەمر (کاکەی فەللاح)یش ئاسوودە بێت...

ی. ق. بەرزنجی
ئابی 2009


| | |
|---|---|
| پێشکەشە | 3 |
| ڕوونکردنەوەیەك | 5 |
| سەرەتا | 9 |
| بەشی یەکەم: ئاوڕدانەوەی مێژوویی و ڕۆژنامەی (ژین) | 13 |
| باسی (1) ئاوڕدانەوەیەك لە ڕۆژنامەگەریی شاری سلێمانی | 15 |
| باسی (2) پیرەمێردو ڕۆژنامەگەریو ڕۆژنامەکانی (ژیانو ژین) | 21 |
| گەڕانەوەی پیرەمێرد و ڕۆژنامەکانی سلێمانی | 23 |
| پیرەمێرد و ژیان | 24 |
| پیرەمێرد و ژین | 25 |
| باسی(3) ژین لە دوای پیرەمێردەوە | 27 |
| بەشی دووەم: (ژین)ی کاکەی فەللاح ، یەکەمین ڕۆژنامەی تایبەتمەند | 31 |
| باسی (1) ڕۆژنامەی تایبەتمەند | 33 |
| باسی(2) (ژین) یەکەمین ڕۆژنامەی تایبەتمەند بە ئەدەبو | 37 |

روناكبيريى
ئيمتيازى (ژين) 39
ريبازى (ژين) 40
چى لەبارەى (ژين)ەوە گوتراوە 42
(ژين).. مەرام و بلاْوكردنەوەى 44
باسى(3) (ژين) بواريْك بۆ ئەدەبياتو روناكبيريى كوردى 45
بەشى سێيەم: لايەنە رۆژنامەگەرييەكانى (ژين)و بابەتەكانى 49
باسى(1) لايەنە رۆژنامەگەرييەكانى 51
هەلْو كەموكورتيى رۆژنامەگەريى لە(ژين) دا 52
سەليقەى رۆژنامەگەريى 54

باسى (2) (ژين) لە رووى چەشنە رۆژنامەگەرييەكانو ناوەرۆكەوە 56
لێكۆڵينەوەكان، وتار، شيعرەكانى ژين، چيرۆك، پەخشان، بابەتى ئەدەبيى بۆ مندالأن، هونەر، هەمەرِەنگ، هەوالْ، ريكلام لە (ژين) دا، گۆشەكانى رۆژنامەكە و نموونە گۆشەيەكى درەوشاوە، بەهرە ئەدەبييەكانى ئەو دەمە و ژين، بەشداريى نووسين لە دەرەوەى سلێمانىيەوە 57
ئەنجام 91
پاشكۆكان 93
ژمارە (1): ژمارەكانى (ژين) كەتوێژينەوەكەيان لەسەر ئەنجامدراوە 97
ژمارە (2): گفتوگۆى چوار بەرێز لەوانەى ئاگادارى دەرچوونى (ژين) بوون 99

ژمارە (3): وێنەی لۆگۆو نموونەی لاپەڕەکانی (ژین) 116
سەرچاوەکان 122
چاپکراوەکانی نووسەر 125

## سەرەتا:

توێژینــەوە لەهــەر قۆنــاغێکی مێــژووی رۆژنامەگــەریی کــوردیی کۆششــێکی باشــی دەوێ و پێویســتە توێــژەر بــەقوولی بەســەرجەم ئــەو سەرچاوانەدا بچێتەوە کـەوا بوونەتـە بەڵگەو سـەلماندن بـۆ هەریـەك لـەو رۆژنامەو گۆڤارانـەی کـە لەمێـژووی سیاسـی و رونـاکبیری و کۆمەڵایـەتیی کوردا رۆڵی مەزنیان گێڕاوە.

سەرچـاوەکانی بـواری ڕۆژنامەگـەریی کـوردیی لـەم چـەند سـاڵەی دواییـدا ڕوو لەدەوڵەمەنـدی و زانیـاری فرەلایـەنین، هـەر لەسـاڵانی دوای ڕاپەڕینـدا چـەندین نامـەی ماسـتەرو دکتـۆرا تایبـەت بـە بزاڤـی ڕۆژنامەگەریی نووسەران و لەچاپیش دراون.

کەواتـە تـوێژینـەوەکانی ئـەم بـوارە، کـە لـەژێر ڕۆشـنایی میتـۆدە زانستییەکاندا نووسراون دەبنەوە سەرەتاو بناغەی کاری ئەمڕۆ و ئایندەی توێـژەرانی کـورد، بـەڵام دەبـێ ئـەوەش لـەیاد نەکـەین کـە تائێستا ئـاوڕ لەسەرجەم قۆناغەکانی مێژووەکە و گشت ڕۆژنامە و گۆڤارەکان وەك یـەك نەدراوەتـەوەو دەتـوانین بڵـێین هەنـدێ ڕۆژنامـە و گۆڤـار تـواو فـەرامۆش کراون، کەیەکێك لەوانە (ژین)ی 1970-1974ە. (ژیـن)ی ساڵی 1970، کە زیاتر بەناوی خاوەن ئیمتیازەکەیەوە ناسراوە کە (کاکەی فەللاح)بووە.

ژین، بایەخێکی ڕۆژنامەگەریی تایبەتی هەیە، لەبەر چەند هۆیەك کـە دەتوانین لەم خاڵانەدا کۆیان بکەینەوە:

1- لەهەلومـەرجێکی جیـاوازدا دەرکـراوە، لەوکاتـەدا بـووە کەرەوشـی سیاسـیی عێـراق و کوردسـتان بـەقۆناغێکی نوێـدا تێپـەڕ بـووە و ڕژێمـی حوکمڕانی ئەوکاتە بەپێی ڕێکەوتننامەی (ئـادار)ی 1970 بەشێ لەمافە سیاسـی و ڕوناکبیرییـەکانی گـەلی کـوردی سـەلماندوە و لـەو چـوار سـاڵەدا (1970-1974) ئـازادیی لەکوردسـتاندا هـەبووە و کـورد هـەر خـۆی حوکمڕانی خۆی بووە.

2-ڕۆژنامەکە تایبـەت بـووە بەئـەدەبیات و ڕونـاکبیریی، لەچوار ساڵی تەمەنیدا وێڕای ناوە ناسراوەکانی لەوەوبـەر، چـەندین نووسـەر و ئـەدیبی

لاو لەسەر لاپەڕەکانی ئەم ڕۆژنامەیەوە پەرەیان بەئاست و بەهرەمەندیی خۆیان داوە.

3- سەربەخۆیی بەرێبازی ڕۆژنامەکەوە دیارە.

4- بەگشتیی ئیتیکی ڕۆژنامەوانی پەیڕەوکراوە و (ژین) دوور بووە لەبابەتی ناوزڕاندن و ڕەخنەی بریندارکەر.

بەشێوەیەکی گشتی، (ژین) بەیەکێك لە نیشانەکانی قۆناغێکی نوێی ڕۆژنامەگەریی کوردیی دەناسرێ و توێژینەوەی وردو فراوان لێی ئەو بۆچوونە زیاتر دەسەلمێنێ.

ئێمە، لەم توێژینەوەیەماندا، بەتەنیا لە (24) ژمارەی شەش مانگی یەکەمی ڕۆژنامەکە دواوین، چونکە بەسەرکردنەوەی هەر (153) ژمارەکەی سنوری ئەم توێژینەوەیە تێدەپەڕێنێ و دەبێتە پرۆژەی کتێبێکی گەورە کە بەهیوام لەئایندەدا بتوانم ئەوە ئەنجام بدەم.

مایەوە بڵێم:

ڕێنماییەکانی مامۆستای سەرپەرشتیاری توێژینەوەکە بەڕێز (هەڤاڵ ئەبوبەکر)ی مامۆستای بەشی ڕاگەیاندن لەزانکۆی سلێمانی و دڵسۆزیی بۆ پرۆژە ڕۆژنامەگەرییە جدییەکان فاکتەرێکی سەرەکی بوو لە بەئەنجام گەیاندنی ئەم توێژینەوەیەدا و سوپاسی گەرمی دەکەم.

هـــەروەها ســـوپاس و خۆشەویســـتیم پێشـــکەش بـــە کارمەنـــدە ئازیزەکـــانی هـــەردوو بەشـــی (گۆڤـــار و رۆژنامـــەکان)و (کتێبـــە کوردییەکان)ی کتێبخانەی گشتی سلێمانی دەکەم بۆ بەتەنگەوەهاتن و هاوکـاریم لـە دۆزینـەوەو دابینکردنـی سەرچـاوەدا بـۆ ئامـادەکردنی ئەم توێژینەوەیە.

# ( بەشی یەکەم )

# ئاوڕدانەوەی مێژوویی و رۆژنامەی ( ژین )

# باسی ( 1 )

# ئاوڕدانەوەیەك لە بەشێكی گرنگی بزوتنەوەی ڕۆژنامەگەریی شاری سلێمانی ( 1920 – 1970 )

شاری سلێمانی، هەرچۆن لەلایەن فەرمانڕەوای بابانەوە کراوەتە پایتەختی ئەو ئیمارەتە سەربەخۆخوازە و هەر لەدامەزراندنیەوە لەساڵی 1784 دا تا بەرپابوونی ئاگری شۆڕشی رزگاریخوازی شێخ مەحمودی حەفید و پاشان لەساڵانی داگیرکردنی کوردستان لەلایەن داگیرکارە بێگانەکانەوە، شارێ بووە لەململانێدا ژیاوە و لەزۆر لایەنی زیندووی ژیاندا گرەوی یەکەمینی لەمێژووی کورددا بەنسیب بووە، لەوانە:

- پایتەختی حوکمڕانی و روناکبیری و کلتوریی بووە.
- بۆ یەکەمجار ئاڵای کوردستانی سەربەخۆی تیادا بەرزکراوەتەوە.
- یەکەم راپەڕینی جەماوەریی تیایدا کراوە.
- یەکەم قوتابخانەی کچانی تیادا کراوەتەوە.
- بۆ یەکەمجار قەڵاچۆکردنی نەخوێندەواری لەم شارەدا دەستپێکردوە.
- یەکەم (نەورۆز) لەم شارەدا ئاهەنگی لەلایەن (پیرەمێرد)ەوە بۆ سازکراوە.
- یەکەم چاپخانەی تیادا دانراوە.
- یەکەم زانکۆی تیادا کراوەتەوە.
- یەکەم کۆمەڵەی سیاسی و روناکبیریی تیادا لەدایك بووە.
- مەڵبەندی گەشەکردن و سەنتەری هەردوو رێبازی قادری و نەقشبەندی بووە.

- پایتەختی یەکەم حوکمداریی کورد بووە.
- یەکەم شانۆ و تیپی دیدەوانی و تیپی سروودی کوردیی تیادا دامەزراوە[1]

هەرچۆن یەکەمین رۆژنامەی کوردیش لەباشووری کوردستاندا هەر لەشاری سلێمانی دەرکراوە کە ئەویش (پێشکەوتن)ە.

## رۆژنامە گرنگەکانی سلێمانی لە 1920 – 1970 دا

- **پێشکەوتن:**

(1) زۆربەی زانیارییەکانی ئەم سەرەتایە لەپێشەکیی (مەحمودی مەلا عززەت) وەرگیراوە بۆ کتێبی: بیبلیۆگرافیای رۆژنامەنووسیی کوردیی لەشاری سلێمانی (1920-1990)، ئا: رەفیق سالح ئەحمەد، سلێمانی، 2002

هەفتانەیەکی گشتیی بووە و لەساڵانی 1920 – 1922دا (118) ژمارەی لێدەرچووە، لەچاپخانەی حکومەت لەچاپدراوە و (4) لاپەڕەبووە و لەژمارە (97)ەوە بووەتە (6) لاپەڕە. لەسەروو ناوی رۆژنامەکەوە وشەی (سلێمانی) نووسراوە.

(دیارە (میجەرسۆن) کەدامەزرێنەر و بەرپرسی بووە مەبەستی بووە بە (پێشکەوتنی سلێمانی) لەقەڵەم بدرێت).[(1)]

چونکە لەو دەمەدا چاپخانە لەباشوری کوردستان و لەشاری (سلێمانی)یشدا نەبووە، (لەبەرئەوە میجەرسۆن سێ کەسی نەخوێندەواری قایل کردوە کەفێری ئەم هونەرە ببن و کار لەچاپخانەدا بکەن)[(2)]. لە ژمارە (45) وە (گۆڵد سمیش) بووەتە خاوەنی.

## • بانگی کوردستان:

غەزەتەیەکی حر و سەربەست و میللی بووە، خاون و سەرنووسەری مستەفا پاشای یامولکی بووە، نووسەرانی بەشی کوردی و فارسی و تورکیی عەلی کەمال باپیر و شێخ نوری شێخ ساڵح و رەفیق حیلمی بوون و هەفتانەبووە و لە (4) لاپەڕەدا لەچاپخانەی حکومەت لەچاپدراوە و لەساڵانی 1922 – 1923 دا (14) ژمارەی لێدەرچووە[(3)].

(1) د. کەمال مەزهەر ئەحمەد، تێگەیشتنی راستی و شوێنی لەرۆژنامەنووسیی کوردیدا، ل/ 208.
(2) نەشیروان مستەفا ئەمین، چەند لاپەڕەیەك لەمێژووی رۆژنامەوانیی کوردی (بەرگی دووەم)، ل/ 51.
(3) بۆ پێناسەی سەرجەم رۆژنامە کوردییەکانی سلێمانی سوود لەم دوو سەرچاوەیە وەرگیراوە:

## • ڕۆژی کوردستان:

هەفتانە بووە و لە (4) لاپەڕەدا بووە و ڕۆژنامەیەکی سیاسی، ئەدەبی، کۆمەڵایەتیی و ڕەسمیی بووە، سەرنووسەرەکەی (شێخ نوری شێخ ساڵح) بووە و لەچاپخانەی (حکومەت) هەر (15) ژمارەکەی لە ساڵانی 1922 – 1923 دا چاپکراوە.

## • بانگی حەق:

لەئەشکەوتی (جاسەنە) تەنیا (3) ژمارەی (2) لاپەڕەیی لێدەرچووە، ئەویش بەهەفتانەیی نارێك، چونکە دواتر شێخ مەحمودی حەفید ناچاربووە ناوچەی سورداش جێبهێڵێ و چاپخانەکەش کەوتوەتە دەست ئینگلیزەکان، سیاسی و ئەدەبی و کۆمەڵایەتیی ڕەسمیی بووە و ساڵی 1923 هەر سێ ژمارەکەی بڵاوکراوەتەوە.

## • ئومێدی ئیستقلال:

هەفتانەو ئۆرگانی بزوتنەوەکەی شێخ مەحمود بووە، مودیری بەرپرسی خواجە فەندی و سەرنووسەرانی ڕەفیق حیلمی و

---

أ- د.کەمال مەزهەر ئەحمەد، تێگەیشتنی ڕاستی و شوێنی لەڕۆژنامە نووسیی کوردیدا، بەغدا، کۆڕی زانیاریی کورد، 1978.

ب- ڕەفیق ساڵح ئەحمەد، بیبلیۆگرافیای ڕۆژنامەنووسیی کوردیی لەشاری سلێمانی (1920 – 1990)، سلێمانی، شارەوانیی سلێمانی، 2002.

حسێن نـازم بـوون. لاپـەڕەكانی (4) بـووە و لەچاپخانەی (حكومـەت) لەچاپدراوە و لە 1923 – 1924 دا 25 ژمارەی لێ بڵاوكراوەتەوە.

- **ژیانەوە:**

حكومـەتیی بـووە، سـەرەتا هەفتانــە و پاشــان دوو هەفتــە جارێــك دەرچـــووە، 4 لاپـــەڕە بـــووە، لەچـــاپخانەی (حكومـــەت) لەچاپدراوە، خـاوەنی بەرپرسـی (جـەمیل سـائیب) بـووە، لەسـاڵانی 1924 – 1926 دا (56) ژمارەی لێدەرچووە.

- **ژیان:**

لەساڵانی 1926 – 1938 دا (553) ژمارەی لێدەرچووە و سیاسـی و ئـەدەبی و كۆمەڵایـەتیی هەفتانـە بـووە (دواتـر بەدرێـژی لێی دەدوێین).

- **زبان:**

(94) ژمــارەی ماوەتــەوە، لەلایــەن شــارەوانیی ســلێمانی یــەوە بڵاوكراوەتـوە، خاوەنەكـەی ساڵح قـەفتان بـووە و هـەر لەچـاپخانەی شــــارەوانیی خۆیــــدا لەچــــاپدراوە، لەســــاڵانی 1937 – 1941 دا بڵاوكراوەتەوە.

- **ژین:**

خاوەن و بەڕێوەبەری بەرپرسی پیرەمێرد بووە، دوای راگرتنی (ژیان) لەژمارەی (554)وە تا ژمارە (1015)ی لێدەرچووە (دواتر بەدرێژیی لەمیش دەدوێین).

- **بڕوا:**

خاوەنەکەی کەمال میرزا کەریم و بەڕێوەبەری نووسینی رەفیق چالاك بووە، هەفتانە بووە لە (6) لاپەڕەدا و لەچاپخانەی ژین لەچاپدراوە، (95) ژمارەی لەسالآنی 1960 – 1963 دا بلاوکراوەتەوە.

- **راپەڕین – النهچه:**

رۆژنامەیەکی کوردی و عەرەبی بووە، هەفتانە دەرکراوە و لە (4) لاپەڕەدا بووە و سەرۆکی نووسینی سەدیق عەبدوللا موختار بووە و لەسالآنی 1964 – 1968 دا (208) ژمارەی لێ بلاوکراوەتوە.

- **ژین:**

هەفتانەیەکی ئەدەبیی – روناکبیریی بووە و 153 ژمارەی لێ دەرکراوە و (بەشی سەرەکیی توێژینەوەکەمان تەرخانە بۆ ئەم رۆژنامەیە).

# باسی ( 2 )

# پیرەمێرد و رۆژنامەگەری و رۆژنامەکانی ( ژیان و ژین )

**پیرەمێرد[1] تەمەنێکی دوور و درێژی لەگەڵ پیشەی رۆژنامەگەریدا بەسەر بردوە، ئەو وێڕای نووسین و بەرهەمهێنانی گەلێ ژانری رۆژنامەوانی لە رۆژنامەکانیدا، خودی خۆیشی سەرپەرشتی دەرکردنی رۆژنامەی کردوە و ئەزموونێکی دەوڵەمەندیشی لەو لایەنە زیندووەی کاری رۆژنامەگەریدا هەبووە.**

---

[1]حاجی تۆفیقی کوڕی مەحمود ئاغا، ساڵی 1867 لەسلێمانی هاتووەتە دنیاوە، دوای حوجرە و خوێندنی فەقێیەتی بووەتە کارمەندی نفووسی سلێمانی و پاشان باشکاتبی دادگای شاربازێڕ، لە 1898 دا لەگەڵ (شێخ سەعید)دا چوونەتە تورکیا و دوای ساڵێ چوونەتە (حەج)، هەر زوو بلیمەتی و زانایی پیرەمێرد ناسراوە، هەر لە 1899 دا بەفەرمانی سوڵتان عەبدولحەمید کراوەتە ئەندامی ئەنجومەنی بەرزی ئەستەمبوڵ.

هەر لەوێ (حقوق)ی تەواو کردوە و دوای ماوەیەك ئیمتیازی گۆڤارێکی تورکیی بەناوی (رسملی کتاب) لەئەستەمبوڵ وەرگرتووە، پاشان بەشداریی دەرچواندنی رۆژنامەی (مصور میطـ)ی لەهەمان کاتیشدا یەکێك بوو لەهەڵسوڕێنەرانی رۆژنامەی کورد کەلەلایەن دەستەی شێخ عەبدولقادرەوە دەرچووە.

پیرەمێرد لەساڵانی 1909 تا 1923 پیشەی رۆژنامەگەری جێدێڵێت و چەند فەرمانێکی رەسمیی دەگرێتە دەست، لەوانە متصرفی (ئاماسییە)، لە 1924 دا دەست لەفەرمانەکەی هەڵدەگرێت و دەگەڕێتەوە بۆ شاری سلێمانی، دوا ساڵەکانی ژیانی خۆی تەرخان دەکات بۆ خزمەتی ئەدەبیات و رۆژنامەگەریی کوردی، 26 ساڵ لەگەڵ رۆژنامەکانی (ژیان و ژین)دا دەباتە سەر، رۆژی 19ی حوزەیرانی 1950 لەتەمەنی 83 ساڵیداکۆچی دوایی کردوە و لەسەر راسپاردەی خۆی لە گردی (مامەیارە) نێژراوە.

بڕوانە: مێژووی رۆژنامەگەریی کوردی، عەبدولجەبار جەباری، بەغدا، 1970.

هەڵبەت، كەسێكی وەك ئەو (كە رووی كردوەتە ئەستەمبوڵ بەنیمچە خوێندەوارییەوە رووی تێكردوە و ئەو رێگا سەختەی گرتوەتە بەر، وەك دەنووسێت: بەنیوە خوێندەوارییەوە لەسلێمانی دەرچووم و خوێندنێكی بەرزم هێنایەوە.. ئێمە زۆرترمان لەوێوە پێگەیشتووین..).[2]

كەلە ئەستەمبوڵ (یاسا)ی تەواوكردوە هاوكات خویداوەتە نووسین و كاری رۆژنامەنووسیی، ئەو خۆشەویستەی لەناخیدا بەحەسرەتەوە بۆی دەژیا، نۆبەرەی (غەزەتە نووسیی) لەئەستەمبوڵ رۆژنامەی (كورد) بووە، كە خاوەنی ئیمتیازی بووە، هەرچۆن بابەتی بۆ رۆژنامەی (فەرهەنگ)ی تاران ناردوە، لەرۆژنامەی هەرە گەورەی پاریس (تان) بانگی كوردیی داوە.[3]

سەبارەت كاری رۆژنامەگەریی (پیرەمێرد) لەو ساڵانەدا، (ئومێد ئاشنا) گەیشتووەتە ئەو ئەنجامەی كەوا:

1- پیرەمێردی پارێزەر لەئەستەمبوڵ خاوەنی ئیمتیاز و سەرنووسەری رۆژنامەی (كورد) بووە، ئەم رۆژنامەیە بەزمانی كوردیی و توركی دەرچووە و راگەیەنەری دەنگی سیاسیی (كۆمەڵەی كورد) بووە و هەفتەی جارێك دەرچووە.

2- لەرۆژنامەی (ژین)ی ئەستەمبوڵدا بەشدارییەكی بەردەوامی كردوە و گۆشەیەكی هەبووە بەناوی (شاعیرە نەخوێندەوارەكانمان).

---

(2) ئومێد ئاشنا، پیرەمێردی رۆژنامەنووس، سلێمانی، 1998، ل/ 2.

(3) هەمان سەرچاوە، ل/ 4، 5

3- بەشیعر و نووسین و وەرگێڕان لەم گۆڤار و رۆژنامانەدا بەشداریی کردوە بەسێ زمانی (کوردی و تورکی و فارسی):

ئیقدام، مصور محیط ـ ی میسر، تانـی فەرەنسی، شەفەق سورخ و فەرهەنگی ئێرانی، لەو رۆژنامە و گۆڤارانەدا بەسێ ناوەوە دەرکەوتووە (سلێمانلی تۆفیق، س.ت، پیرەکورد).[(4)]

پاشان هەر ئەو توێژەرە دەڵێت:

هەر ئەو سەرچڵی و گیانە نەتەوەییە بوو کە لەساڵی 1923 دا بووە هۆی ئەوەی حیزبی (اتحاد و ترقی) لەسەر بەرپابوونی شۆڕشی کوردستانی تورکیا و بەشداری کردنی حاجی تۆفیق لەکۆمەڵەی کوردا فەرمانی خنکاندنی دەربکات و ئەویش بەپەلە بگاتەوە عیراق... و لەخاکی سلێمانی دا ژیایەوە و بووە (پیرەمێردی سلێمانی)[(1)]، پیرەمێرد لەو ماوانەدا، زیاتر لەرۆژنامەی (ژین)دا بەناوی (پیرەمێرد)ەوە نووسیویەتی.

## گەڕانەوەی پیرەمێرد و رۆژنامەکانی لەسلێمانی

وەك لەبەشی یەکەمدا ئاماژەی بۆ کرا، (بەر لەوەی پیرەمێرد بگەڕێتەوە زێدی باووباپیرانی خۆی) لەشاری سلێمانی دوو رۆژنامەی بەناوبانگ دەرکراون، ئەوانیش (پێشکەوتن) بووە لە ساڵانی (1920

---

(4) هەمان سەرچاوە، ل/ 6.

(1) ئومێد ئاشنا، پیرەمێردی رۆژنامەنووس، ل/ 6، 15.

– 1922)، (بانگی کوردستان) لەساڵانی (1922 – 1923) و (ڕۆژی کوردستان) هەر لەساڵانی (1922 – 1923)دا (بانگی حەق) لەساڵی (1923)دا لە (ئەشکەوتی جاسەنەی سورداش)، (ئومێد ئیستقلال) لە (1923 – 1923)، (ژیانەوە) لە (1923 – 1926)، پاشانیش ڕۆژنامەی (ژین) لەساڵانی (1926 – 1938) کە 533 ژمارەی لێدەرچووە.[2]

## پیرەمێرد و ژیان

پیرەمێرد 27 ساڵی کۆتایی ژیانی بەنرخی لەگەڵ دوو ڕۆژنامەدا بردوەتەسەر کەئەوانیش (ژیان) و (ژین) بوون،[3] (ژیان) جێگەی (ژیانەوە)ی گرتووەتەوە، لەژێر ناوەکەیدا نووسراوە (غەزەتەیەکی سیاسی، ئەدەبی، اجتماعی یە، هەفتەی جارێك دەردەچێت، بە (4) لاپەڕە لەچاپخانەی شارەوانی سلێمانی چاپکراوە، 32 × 20 سم بووە.[4]

خاوەن و بەرپرسی (ژیان) بەپێی ماوەی دەرکردنی هەر 553 ژمارەکەی بەمجۆرە بووە:

- جەمیل سائیب 1 – 81
- عەلی عیرفان 82 – 259

(2) ڕەفیق ساڵح ئەحمەد، بیبلیۆگرافیای ڕۆژنامەنووسیی کوردیی لە شاری سلێمانی (1920 – 1990)، ل/ 15 – 26.

(3) عەبدولجەبار جەباری، مێژووی ڕۆژنامەگەریی کوردی، ل/ 164.

(4) د. کەمال مەزهەر ئەحمەد، تێگەیشتنی ڕاستی و شوێنی لە ڕۆژنامەنووسیی کوردیدا، ل/ 221.

- حسێن نازم 260 – 320
- پیرەمێرد 321 – 553 [2]

پیرەمێــرد لــەئابی 1934ـوە بووەتــە لێپرســراوی ڕۆژنامەکــە، ئــەویش پــاش کۆچــی دوایــی (حســێن نــازم) بــووە و ئــیتر مانــدوو نەناسـانە تـا ژمـارە (553) ڕۆژنامەکـەی لـەژێر چـاودێریی خۆیـدا دەرکــردووە و لــەژمارەی (406)ەوە ئیمتیــازی ڕۆژنامەکــەی بــەناوی خۆیــەوە وەرگرتــووە و چــاپخانەی شــارەوانیی بــەکرێ گرتــووە بــۆ لەچاپدانی[5].

ڕۆژنامەکە بووەتە 12 لاپەڕە، میریی ئەو سەردەمە نەیویستووە ئــەو دەنگــە بڵنــدە بــەردەوام بــێ و چــاپخانەکەیان بــەکرێ پــێ نەداوەتــەوە، چــونکە بــەپێ ی ســاز و ئــاوازی ئاغــای ئینگلیزیــان هەڵناپەڕێت.. بەڵام پیرەمێردی پڕ عەزم و هیمەت هەرچی سامانێکی هەبوو فرۆشتی و بەو پارەیە چاپێکی سەربەخۆی کـڕی و ڕۆژنامـەی ژیـانی دەرکـردوە، ئـەوەبوو گەیاندیـە ژمـارە (553)، ئـیتر ئـەوە دوا ژمـارەی (ژیـان) بـوو، چونکە مـافی ئیمتیـازی ڕۆژنامەکـەیان لەچـنگ ســەندەوەو دەرگایــان لــە ڕۆژنامەکــە داخســت، ئــەویش بــەهۆی بڵاوکردنەوەی هۆنراوە و سروودی نیشتمانیی شۆڕشگێڕ.[1]

بەڵام زۆری نەخایاند (ژین) جێگەی گرتەوە.[2]

---

(5) سەرچاوەی ژمارە (2)، ل/ 26.

[1] عەبدولجەبار جەباری، مێژووی ڕۆژنامەگەریی کوردی، ل/165.

(2) هەمان سەرچاوە، ل/ 166.

## پیرەمێرد و (ژین)

لە رۆژی 22 ی کانوونی یەکەمی 1939 دا پیرەمێرد ئیمتیازی رۆژنامەی (ژین)ی وەرگرتوە. یەکەم ژمارەی رۆژنامەکە ژمارە (554)ی هەڵگرتبوو، لەبەرئەوەی لەسەر زنجیرەی خوشکە جوانەمەرگەکەی (ژیان) ئەرۆی، ئا بەوشێوەیە پیرەمێرد گەشەی دابە رۆژنامەکە.

رۆژنامەی ژین، لەکاتی جەنگی گێتی دووەمدا گەڵێ چەرمەسەریی و دەستکورتی هاتووەتە پێشی، بەڵام بە گیانێکی پڕ ئارامەوە توانی زاڵ بێتەسەر هەموو ئەو کۆسپانە.[3] پیرەمێرد (ژین)ی بەیادی (ژین)ی ئەستەمبوڵەوە ناوناوە[4]، ژین، رۆژنامەیەکی کوردی و ئەدەبی و کۆمەڵایەتی بووە، خاوەن و مدیری مەسئولی حاجی تۆفیقی پیرەمێرد بووە، ژین ژمارەکەی گەیشتووەتە (1015)، پیرەمێرد تا وەفاتی لە 1950/6/19 دا هەر خۆی سەرپەرشتیی کردوە، دوای ئەویش ئەوانەی بوونەتە سەرپەرشتیاری بریتی بوون لە (جەمیل سائیب و گۆران و نوری ئەمین بەگ و ئەحمەد زرنگ- ی کچەزای).[5]

(3)د.کەمال مەزهەر ئەحمەد، تێگەیشتنی راستی، ل/ 221.

(4) سەرچاوەی ژمارە (1)، ل/ 166.

(5) هەڤاڵ ئەبوبەکر حسێن، چەشنە ئەدەبی و رۆژنامە نووسییەکان و دەنگدانەوەیان لە (ژیان و ژین)دا، ل/ 248.

دەبێ ئەوەش بزانرێ کە ئەمین زەکی بەگ لەدیارترینی ئەو کەسانەبووە کە هاوکاریی پیرەمێردی کردوە بۆ وەرگرتنی ئیمتیازی رۆژنامەی (ژین)[6].

## باسی (3)

## (ژین) لە دوای پیرەمێرد- ەوە

پیرەمێرد لەسەرەمەرگا وەسیەتی کردوە کەدەبێت چاپخانەو رۆژنامەکە بەپوختەیی بەخێو بکرێت[1].

دەرکردنی ژمارەکانی (ژین) لەلایەن ئەو ناوانەی دیکەوە بەمجۆرە بووە:

- لە 1016 تا 1070 جەمیل سائیب بەڕێوەبەری ئیدارەخانە و نووسنی بووە.

---

(6) سەرچاوەی ژمارە (3)، ل/ 222.

(1) هەڤاڵ ئەبوبەکر حسێن، چەشنە ئەدەبی و رۆژنامە نووسییەکان لە (ژیان و ژین)دا، ل/ 248.

- له 1071 تا 1105 نوری ئەمین بەگ بەڕێوەبەری لێپرسراو (سەرنووسەر) و بەڕێوەبەری ئیدارەخانەی بووە.
- لە 1106 تا 1123 ئەحمەد زرنگ بووەتە بەڕێوەبەری ئیدارەخانە و نووسینی، نوری ئەمین بەگ وەك بەڕێوەبەری لێپرسراوی ماوەتەوە.
- له 1124 تا 1213 گۆران بووەتە بەڕێوەبەری ئیدارەخانە و نووسینی.
- له ژماره 1214 تا 1252 ئەحمەد زرنگ بووەتە بەڕێوەبەری ئیدارەخانە و نووسینی.
- رۆژی 1954/12/14 رەحمەخانی کچی پیرەمێرد ئیمتیازی رۆژنامەکەی خستووەتەوە سەرخۆی.
- لە ژمارە 1253 تا 1714 (کەدوا ژمارەی بووە) لە 1963/2/7 هەر ئەحمەد زرنگ سەرنووسەر و بەڕێوەبەری ئیدارەخانە و نووسینی بووە[2].

دیارە لەو کاتەدا، بەهۆی رەوشی ولاتەوە و گرو بلێسەی شۆڕشی ئەیلوولی رزگاریخوازی گەلی کوردەوە ئەو چرا گەشەی رێگای رۆژنامەوانیی کوردیی کوژاوەتەوە، دوای ئەوەی پڕاوپڕی سالانی تەمەنی ئەمەکدار بووە بۆ گەلی کورد و پیرەمێردی نەمر.

ژین، رۆژنامەیەکی هەفتانە بووە، قەوارەکەی ( 30 × 43 سم) بووە، بەلام لەژمارە (582)ەوە قەبارەکەی گۆڕاوە بۆ (35 × 50سم) ژمارەی

(2) عەبدولجەبار جەباری، مێژووی رۆژنامەگەریی کوردی، ل/ 167.

لاپەڕەکانی (4 – 8) بووە و تەنیا بەزمانی کوردی بووە و ناوبەناو وێنەی تیادا بڵاوکراوەتەوە.

ژمارەی (1)ی کە کردویەتیە (554) بەپێی زنجیرەکەی (ژیان)ی بەرلەخۆی لە 1939/1/26 و دوا ژمارەشی کە (1714) بووە لە 1963/2/7 دا بڵاوکراوەتەوە.[3]

ژین، لەسەردەمی پیرەمێرداو دوای ئەویش، سەرچاوەی دارایی بریتی بووە لەپارەی ئابوونەکانی و دەرامەتی لە ئیعلان.[4]

چەشنەکانی ئەدەب پانتاییەکی گەورە و فراوانی ئەم رۆژنامەیە داگیردەکەن، (ژیان و ژین) خزمەتێکی گەورە بە ئەدەبی کوردیی پێشکەش دەکەن و ئەو بلێندگۆیەن کە لێیانەوە دەنگی ئەدیب و بەهرەمەند و نووسەرانی کورد دەگاتە خەڵك.[5]

دیارە (ژین) لەسەرجەم رۆژنامەکانی بەر لەخۆی، زیاتر بایەخی بەئەدەبیاتی کوردی داوە و رەنگە هەر ئەمەش کاریگەر بووبێ لەسەر (کاکەی فەللاح) کە لەخولێکی نوێی سەرەتای حەفتاکانی سەدەی رابردوودا رۆژنامەی (ژین) بکاتە تایبەتمەند بەئەدەب و روناکبیریی.

(3) رەفیق سالح ئەحمەد، بیبلیۆگرافیای رۆژنامەنووسیی کوردیی لەشاری سلێمانی، ل/ 29.
(4) نەوشیروان مستەفا ئەمین، ژیان.. بەتەمەنترین رۆژنامەی کوردی (1926 – 1938)، ل/ 347.
(5) سەرچاوەی ژمارە (1)، ل264.

# ( بەشی دووەم )

# ( ژین )ی کاکەی فەللاح

# یەکەمین ڕۆژنامەی تایبەتمەندی

# ئەدەبی و ڕوناکبیریی

## رۆ ەند

رۆژنامــە تایبەتمەنــدەکان، هــەر بەناوەکەیانــدا لەگــەڵ رۆژنامــە گشــتییەکاندا جــودا دەبنــەوە، (رۆژنامــە تایبەتمەنــدەکان ســنوری بایــەخیان تــەنیا تایبەتمەنــد دەبێــت بــەو بــوارەوە کــەکاری تێــدا دەکەن)[1].

یــەك لــەجۆرەکانی رۆژنامــەش لــەرووی دەرکردنــەوە لــەرۆژانی هەفتــەدا، هەفتەنامەیــە، واتــە لەیــەك هەفتــەدا جارێــك دەردەکرێــت. هەفتەنامــە تایبەتمەنــدەکانیش (ئەوانــەن کــەرووی دەم دەکەنــە جمهورێکی دیــاریکراو، بــەم پێیــەش بابەتــەکانیان لەچوارچێوەی ئــەو تایبەتمەندییەدا دەمێنێتەوە)[2].

دیارە تایبەتمەندیی لەراگەیاندندا، لەهەر کــەناڵێکی راگەیاندنــدا بــێ بــە رۆژنامەشــەوە گەیانــدنی بابــەت و زانیــاریی تایبەتــە بەجەماوەرێکی تایبەتمەند.

---

[1] د.فاروق محەمەد ئەبوزەید، سەرەتایەك لەزانستی رۆژنامەوانی، و: فەرەیدون رەووف عارف، ل/ 189.

[2] هەمان سەرچاوە، ل/ 191.

ڕۆژنامـه، کەبڵاوکراوەیـەکی چاپکراوە و لەماوەیـەکی دیـاریکراودا دابەشدەکرێت، پێکهاتووە لەهـەواڵ و وتـارو بـیروڕاو دیـدار و ڕێپۆرتـاژ و لێکۆڵینەوە و هەمەرەنگ و ریکلام و... تاد.

لەکاتێکـدا کـە ڕۆژنامەیـەك تایبەتمەنـد بێـت ئـەوا خەسـڵەتی ئـەو تایبەتمەندییـە بەلاپـەڕەو بابەتەکانیـەوە بـەرِوونی خـۆ دەنـوێنێ. دەتوانین هۆکاری سەرهەڵدان و گەشـەکردنی ڕۆژنامـە تایبەتمەنـدەکان لەم خاڵانەدا ڕێکبخەین:

1-دابەشبوونی کـار: کەلـەدوای شۆڕشـی پیشەسـازییەوە کـار زیـادی کردوە و ئاڕاستەی جیاواز بووەتە پێویستی.

2-فراوانبـــوونی مەعریفـــە: بـــەهۆی زۆربـــوونی زانیارییـــەوە و بـــۆ جیاکردنەوەی زانیارییەکان لەیەکتر تایبەتمەندێتی بووەتە واقیع.

3-فراوانبوونی جوگرافی.

4-فراوانبوونی ئاستی خوێندەواری.

5-گەشەکردن و دەوڵەمەندبوونی سەرجەم بوارەکان(3)

جەماوەری تایبەتمەندیی ئەو جۆرە ڕاگەیاندنەش بـەهۆی ئـم خاڵانـــەوە پێوانـــەیان بـــۆ دەکرێـــت (چـــەندێتی، جۆرایـــەتی، پلـــەی گونجانـــدن، شـــوێنی ئامـــادەبوون، شـــارەزایی پەیوەنـــدیکردن، ڕەگـــەز، تەمەن، ئاستی خوێندن، هەڵوێست و ئاستی ماددی)(4).

---

(3) سەلام نەسرەدین، ڕاگەیاندنی تایبەتمەند، موحازەرەی بەشی ڕاگەیاندنی زانکۆی سلێمانی، ل/ 11.

(4) هەمان سەرچاوە، ل/ 12.

رۆژنامەگـەریی تایبەتمەنـد خەسـڵەتی خـۆی هەیـە، کـارکردن لـەبوارێکی تایبەتـدا واتـە شـارەزابوون و پسـپۆڕی پەیداکردنـە لـەو بابەتە تایبەتەدا.

ئـەم بـوارەش هـەل بـۆ رۆژنامەنووسـان دەڕەخسـێنێت شـارەزای ناوچـەیەکی دیـاریکراو و خەڵکەکـەی بـبن و لـەزمان و هەڵسـوکەوتی خەڵك و سەرچاوەکانیان تێ بگەن[5].

رۆژنامەگـەریی لـەدوێنێ و ئـەمڕۆدا، سـتەم بـووە هـەر هـەموو جـەماوەر بـەزمانێکی تایبـەت و بەبابـەتی جـۆراو جـۆر لەیـەك رۆژنامەدا بدوێنێ.

(ناتوانرێ لەیەك کاتدا بەئاسانی موخاتەبەی جەماوەرێکی فـراوان بکرێت بەهۆی دابەشبوونی جەماوەر بەسەر چەندین توێژ و گـروپ کە ئاست و جۆری تێڕوانین و مەعریفەیان جیـاوازە، هەروەها جۆری پێداویستییەکانیشیان جیاوازە

تایبەتمەنـدبوون بۆتـە هـۆی دەسـتەبەرکردنی پێگەیـەك بـۆ گروپـە لۆکـاڵ و کەمینـەکان بـۆ دەربڕینـی ئـەوەی لەناخیانـدا هەیـە. کەلەکاتێکدا لەسەردەمی میدیای گشتیدا ئەمە ئەستەم بوو[1].

## رۆژنامەگەریی تایبەتمەندی ئەدەبیی:

---

(5) دیێورا پۆتەر، رێنوێنی رۆژنامەوانیی بێلایەن، و: عەبدولڕەزاق عەلی، ل/ 87.

(1) کاروان عەلی، رۆژنامەگەریی تایبەتمەند، ل/ 22.

رۆژنامەگـەریی تایبـەت بەئـەدەب هـەموو بـواره ئەدەبییـەكان دەگرێتـــــەوە، لەگـــــەڵ بابـــــەتی هونـــــەری و رونـــــاكبیری و خۆشگوزەراندنیش.

دەشـێ لەیەكدانی ئـەدەب وەك بـەهرەو رۆژنامەگـەریی وەك پیشـە لـەجێی خۆیـدا بـێ، مـاركیز و هەمـەنگوای لـەپاڵ داهێنانـە ئەدەبییـە گەورەكانیانـدا پیشـەی رۆژنامەگەریشـیان ئەنجامـداوە، لـەوڵاتی میسـر ئـەدەیبی وەك (محەمـەد حەسـەنین هەیكـەل) بووەتـە سەرنووسـەری رۆژنامـەی (السیاسـە)ی هەفتانـەو (عقـاد)یـش تـادوا سـاتی ژیـانی وتارەكانی لە (الأخبار)دا دەنووسی.

هەرچـۆن (صـلاح عبدالصـبور) تـا لەژیانـدا بـوو سـەرۆكی بەشـی ئەدەب بوو لە رۆژنامـەی (الاهـرام). هـەر ئـەو رۆژنامەیـەش لەووبـەر بەدەیان ساڵ، شیعرەكانی مـیری شـاعیران (ئەحمـەد شـەوقی) دەخسـتە سەر رووپەڕی لاپەڕە (1)ی خۆی[2].

رۆژنامەگەریی ئەدەبیی بۆ جەماوەرێكی فراوانـە و مینبـەرێكی راستەقینە و زیندووشە بۆ ئازادیی بـیرورا دەربـڕین. هـەر لـە (ژیـن)ی پەنجاكاندا ئەدیبی وەك (گـۆران) سەرپەرشـتیار و بـەرپرس بـووە، كـە توانیویـــە توانـــا ئەدەبییـــەكانی خـــۆی ئاوێتـــەی كـــارو پیشـــەی رۆژنامەنووسیی بكات..

(2) لە چەند ماڵپەڕێكی ئینتەرنێتەوە.

## باسی (2)

## (ژین) یەکەمین رۆژنامەی تایبەتمەند بە ئەدەب و روناکبیریی

ژیـن هەفتەنامەیـەکی ئـەدەبی و روونـاکبیریی گشـتییە هـەموو رۆژانـی (5شـەممە)یـەك لەشـاری سـلێمانی ئامـادە و چـاپکراوە و بڵاوکراوەتوە.

یەکـەمین ژمـارەی لـەرۆژی 1970/12/10 بڵاوکراوەتـەوە و دواژمارەشـی کـە دەکاتـە ژمـارە (153) رۆژی 1974/3/28 بڵاوکراوەتەوە، واتە تەمەنی لە چوارساڵ تێپەڕی نەکردوە.

**کاکەی فەللاح[1] (خاوەنی ئیمتیاز) و عەبدولقادر بەرزنجی[2] (سەرەك نووسین)ی بووە و لەژمارە (14)ی رۆژی 1971/3/18- وە کاکەی فەللاح لەپاڵ خاوەن ئیمتیازیدا بووەتە (بەڕێوەبەری نووسین)ی رۆژنامەکە.**

**رۆژنامەکــە بریتــی بــووە لــە (8) لاپــەڕەی قــەوارە (42 × 30)ســم و نرخەکەشــی (20) فلــس بــووە و ســەرەتا لەچــاپخانەی (کامــەرانی) و پاشــان لەچــاپخانەی (کاکــە فــەللاح) لەشــاری ســلێمانی**

---

[1] ناوی تەواوی 0حەمە حەمەئــەمین قــادر)ە، ســاڵی 1928 لەقــەزای (شــارباژێڕ)ی ســەر بەســلێمانی هاتووەتە دنیاوە، رۆڵەی خێزانێکی هەژار بووە، هەر لەمنداڵییەوە حەزی لەشیعر هۆنینەوە کردوە، کەچووەتە سلێمانی بۆ خوێندنی قۆناغی ناوەندی تێکەڵ بــە (یــەکێتی قوتابیــان) بــووە و لەوددەمــەوە وەك کەســێکی سیاسیی کۆمۆنیست ناسراوە و ئەوەش لەبەرهەمەکانیدا رەنگیانداوەتەوە، ئەم شاعیرە، بەرهەمی ناوازەشــی بۆ منداڵان زۆرە و رۆژنامەوانێکی هەڵکەوتو بووە و لــە (ژیــن)دا و پاشــان لــەگۆڤاری (بــەیان)دا خزمــەتی رۆژنامەگەریی خۆی پێشکەش بەنەتەوەکەی کردوە.

رۆژی 1990/10/9 لەلایەن دەستێکی رەشەوە ئەو ئەدیب و رۆژنامەوانــە ئــازادیخوازە شــەهیدکراو دوای خۆی خەمانێ بەرهەمی بەنرخی بۆ زمانی کوردی و گەلەکەی جێهێشتووە.

(2) شێخ قادری کوڕی شێخ محەمــەدی بــەرزنجی، ســاڵی 1909 لــە ســلێمانی لــەدایکبووە، ســاڵی 1927 قوتابخانەی سەربازیی لەبەغدا تەواوکردووەو تاپلەی (عەقید) رۆیشتووەو ســاڵی 1958 خانەنشــین کراوە، هەر لەوکاتەوە روویکردۆتــە نووســینو رۆژنامــەوانیی. ســاڵی 1957 بــەهاوکاریی دەســتەیەك لــە روناکبیرانی کورد لە کەرکوك گۆڤاری (شەفەق) یان دەکــردوەو پاشــان لەســلێمانی، تــا داخســتنی بــەناوی (بەیان)ەوە درێژەیان بە دەرکردنی داوە، ساڵی 1970 لەگەڵ کاکەی فەللاحــدا (ژیــن)یــان دەرکردوەتــەوە، لەچاپکراوەکانی:

- سادات البرزنجە
- فەرهەنگی زانیاری

ئەندامی ئەنجوومەنی ئاشتیخوازانی عێراق بووە، رۆژی 1974/11/16 هەر لەسلێمانی کۆچی دوایی کردوە.

لەچاپدراوە، ناونیشانی بارەگای ڕۆژنامەکەش بریتی بووە لە کتێبخانەی (پیرەمێرد) کە خودی کاکەی فەللاح خاوەنی بووە.

لە بۆکسی (گوێی) لای ڕاستی سەرەوەی لاپەڕەی یەکەمدا ناوی هەردوو بەڕێز خاوەنی ئیمتیاز و سەرەك نووسین نووسراوە و گوێی لای چەپیش هەر لەسەرەتاوە و بەدرێژایی ژمارەکانی تەرخان بووە بۆ (لەپەندەکانی پیرەمێرد) بەوێنەیەکی هەڵکەنراوی شاعیر و ڕۆژنامەوانی گەورە (حاجی تۆفیقی پیرەمێرد)ەوە.

لەناوەڕاستی سەرەوەی لاپەڕەی یەکەمیشدا (لۆگۆ)ی ڕۆژنامەکە (فلاگ) دانراوە کە بریتییە لەناوی ڕۆژنامەکە (ژین) کە لەسەر نیگاری شاخ و داخێ دانراوە و خۆرێ لەپشتیەوەیە و لەژێریدا نوسراوە:

(ڕۆژنامەیەکی ویژەییە لە سلێمانی دەردەچێت).

ئابوونەی ساڵانەی هەفتەنامەکە بریتی بووە لە 1.250 دینار بۆ ناوشاری سلێمانی و 1.500 دینار بۆ ناو عێراق.

## ئیمتیازی ژین

پاش ئەوەی کاکەی فەللاح داواکاریی پێشکەش بە وەزارەتی ڕاگەیاندنی عێراق کردوە بۆ وەرگرتنی ئیمتیازی دەرکردنی هەفتەنامەکەی، ڕۆژی 1970/11/24 بەفەرمانی ژمارە (31460) وەزارەت ئەم نووسراوەی ئاڕاستەی مامۆستا کاکەی فەللاح کردوە:

بۆ/ كاك حەمە حەمەئەمین قادر (كاكەی فەللاح)

لەپارێزگای سلێمانی

بەپێی ئەو دەسەلاتەی كە دراوە پێمان بەگوێرەی فقرە (أ) لەمادەی (7) لە ئەحكامی قانونی چاپەمەنی ژمارە 206 ساڵی 1968 موافەقەت ئەكەین لەسەر ئەوەی كە امتیازی دەرچوونی رۆژنامەیەكی وێژەیی غەیرە سیاسیت هەبێت لەپارێزگای سلێمانی بەزمانی كوردی بەناوی (ژین)ەوە كە سەرەك نووسینی كاك عبدالقادر بەرزنجی بێت، مافی دەركردنی ئەو رۆژنامەیەتان هەیە، هەروەها ئاگاداری ئەحكامی قانونی چاپەمەنی سەرەوە و ئەو ئامۆژگارییانە بن كە لەم رووەوە دەرچوون..

وەزیری ئیعلام

## رێبازی ژین

لەیەكەمین لاپەڕەی ژمارەی (1)ی رۆژنامەی ژیندا كە رۆژی 1970/12/10 بلاوكراوەتەوە، هەر بەناوی (رێبازی ژین) وتاری لەشێوەی (سەروتار)دا بە ناوی نووسەرەكەی (كەدیارە هەر خودی

کاکـەی فـەللاح – 5). بڵاوبووەتـوە کـە بـەوردیی نیـاز و ئامـانجی دەرکردنی رۆژنامەکەی تیادا خراوەتە روو..

لەبەرگرنگی وتارەکەو بـۆ تێگەیشـتن لـەرێبازی رۆژنامەکـە، لێـرەدا دەقەکەی دەخەینەوە بەرچاو:-

*وا بـۆ جـاری دووەم، پـاش ئـاوابوونی دواتیشـکی رۆژنامـەی (ژیـن) لەنزیکـەی نـۆ سـاڵ لەمەوبـەرەوە، ژیـن سـەر لـەنوێ گزنگـی زێڕینـی بەسـەر لوتکـەی بـەرزی چـیاو قـەدپاڵی گـرد و یاڵـەکانی کوردسـتانا بڵاوئەکاتـەوە، ژیـن کەیەکێکـە لەنەمامـە دەستنێژ و یادگـارە بـەرز و روناکەکانی بەهرەو بلیمەتیی شاعیر و ئـەدیب و فەیلەسوفی گـەورەی کـورد (پیرەمێـرد)ی نـەمر، بەبـەرگێکی نـوێ و گیـانێکی سـەردەمیی چەرخەوە سەری هەڵدایەوە.*

*دەرچوونی (ژین) بەری درەختی لق و پۆپ درێـژی بـەیانی (11)ی ئـازاری پـیرۆزە کـە بـە مافـە رەواکـانی نەتـەوەی کـورد سـنوری هـەتا هەتایەی بۆ شەڕ و کوشتارو خوێن رشتنی نێوان کـورد و عـەرەب دانـا و سـەر لـەنوێ باخچـەی سـیس و ژاکـاوی ئـەو برایەتییـەی ژیانـەوە و ورشـەو گەشـەی پـێ بەخشـی لەسـەر بنچـینەی برایـەتی و گرێـدانی پەیمانی دۆستایەتی هەردوو پارتی تێکۆشـەر: پـارتی بەعسـی عـەرەبی ئیشتراکی و پارتی دیموکراتی کوردستان.*

*بـەم پـێ یـە، ئـەو رێبـازەی کـە رۆژنامـەی (ژیـن) ئـەیگرێت لەکۆڕی تەقەڵاو رەنجی رۆژنامەگـەری و پیرۆزیـی پیـت و بـەجێهێنانی*

ئەركی سەرشانیا، لەسنوری توانای خۆیا، کە رۆژنامەیەکی ئەدەبییە لەهەموو شتێ زیاتر، پێ لەسەر ئەوە ئەگرێ کە گورج و گۆڵی و هاوکاری و هاوبەشیی خۆی لەپێناوی خزمەتی ئەدەبی کوردی و گەشەپێدان و پێشخستنی ئەو بزوتنەوەیەدا تەرخان بکات، لەرادەیەکی بەجێ و پلەیەکی ئەوتۆدا کە لەگەڵ ئەم سەردەمەی ئێستای نەتەوەکەمان و بزوتنەوەی ئەدەبی بگونجێ...

ئەم رێبازەش کە ژین بۆ خۆی کێشاوە هەموو لقەکانی ئەدەبی کوردی ئەگرێتەوە وەك مێژووی ئەدەب و.. هەڵبەست و چیرۆکی کورت و رەخنەی ئەدەبی و لێکۆڵینەوەی زمانەوانی و شانۆگەری و بەشەکانی هونەر و وەرگێڕان لەئەدەبی بێگانە....

ئەم رێبازەش هەر هەمان رێبازە کە (پیرەمێرد) بۆی کێشابوو، بەو هۆیەوە (ژین) رەگ و ریشەی سەربەرزی و شانازیی لەناخی دەروونی هەموو کوردێکا داکوتابوو.

هەزاران سلاو بۆ گیانی بەرزی پیرەمێردی نەمر، هەزاران سلاو بۆ هەموو ئەوانەی کە بەرێوەبەر و نووسەر و هەڵسورێنەری کاروباری (ژین) بوون، لەپێش هەموویانەوە گۆرانی شاعیر و ئەدیبی مەزنی کورد مامۆستا جەمیل سائیب.

## چی لەبارەی ( ژین )ەوە گوتراوە؟

دوو سەرچاوەی گرنگ لەمێژووی توێژینەوە و بیبلیۆگرافیای ڕۆژنامەوانیی کوردیدا بەڕاگوزاریی باسیان لە (ژین) کردوە، ئەوانیش:

1- جەمال خەزنەدار، رابەری رۆژنامەگەریی کوردی[1].

2- د.کەمال مەزهەر ئەحمەد، تێگەیشتنی راستی و شوێنی لەرۆژنامەنووسیی کوردیدا[2].

هەر لەخودی رۆژنامەکەشدا، ژمارەیەك لەئەدیب و شاعیرانی کورد بەچاوی رێزەوە روانیویانەتە (ژین)، ئەوەتا لەیەکەمین ژمارەیدا، شێرکۆ بێکەس نووسیویە: "سڵاو لە وشەی سەربەست و ئازاد، لەرۆژنامەی (ژین)ی خۆشەویست کەدیسانەوە جارێکی تر چاومان بە هەڵهاتنەوەی روون بووەوە"[3].

لەژمارەی دوای ئەودا، خودی (ژین) لەو پشتگیرییە دواوە کە دوای دەرکردنی رۆژنامەکە بینراوەتەوە، ئەوەتا نووسیویە (بڵاوبوونەوەی یەکەم ژمارەی ژین و ئەو شەپۆلی خۆشی و پیرۆزبایی و لێشاوی نووسین و هەستە بەرزەی کە رووی تێکردین لەنووسەران و شاعیران و خوێنەرانەوە، بێجگە لەوەی کەمایەی سەربەرزییەکی بێ هاوتایە، بەڵگەیەکی تەواو روناکی ئەو بڕواو متمانەیەشە کەپشت بە پەیوەندیی دڵسۆزان رۆژنامەی ژین بتوانێ بەهەورازی رێگای دوور و درێژی پەیامی خۆیا هەنگاو بنێت و ورد ورد کەلەبەرو دەلاقەی

---

[1] جەمال خەزنەدار، رابەری رۆژنامەگەریی کوردی، ل/120.

[2] د.کەمال مەزهەر ئەحمەد، تێگەیشتنی راستی و شوێنی لەرۆژنامەنووسیی کوردیدا، ل/227.

[3] ژین، ژمارە (1)، 1970/12/10

ونبوونی نۆساڵەی خۆی، ئەوەنـدەی خـاوەن ویـژدان پێـی ڕەوا ببینـێ، پڕ بکاتەوە)[4].

لەژمارەیـەکی تـردا، مسـتەفا سـاڵح کـەریم بـەناوی (کـاروانی ژیان)ەوە نووسیویە:

(بـەهۆی ژینــەوە دەســتم پێنووسـی گـرت و لەسـەر لاپـەڕەکانی توانیم ئەوەندەی لەدەستمبێ خزمـەتی نەتەوەکـەم و زمـان و ئـەدەبی نەتەوەکەم بکـەم... جا بەبۆنـەی ژیانـەوەی ژینـەوە، لـەکانی دڵیشـەوە چـەپکە گـوڵی پیرۆزبـایم پێشـکەش ئەکـەم بـەخێزانی نـوێی ژیـن و ئاواتەخوازم کە ژین ڕێبازی ڕاستەقینەی خـۆی ون نـەکات و هەمیشـە دروشمی خزمەتی کورد و ئەدەبی کوردی بێ)[5]

لەژمارەیەکی تریشدا ڕەووفی ئەحمەد ئالانی نووسیویە:

(پــاش ئــەوەی کــە تــەم و دووکــەڵ بــەئاسمانی کوردســتانەوە ڕەوییەوە، ئەستێرەی (ژین) دیمانەی بەخێربێت، تریفەی دایەوە)[1].

لــەژمارەی (7)ی ڕۆژنامەکەشــدا، لەشــیعرێکدا عەبــدولڕەحمان مزوری لەدەقەری بادینانەوە بۆ (ژین)ی چریوە و وتویەتی:

ژین، ڕۆژناما زەلال و بژین
بەهودان و تورِی، گەلەکا زەنگین[2]

---

[4] ژمارە (2)، 1970/12/17
[5] ژین، ژمارە (3)، 1970/12/24.
[1] ژین، ژمارە (4)، 1970/1/31.
[2] ژین، ژمارە (7)، 1971/1/21.

## ژین.. مەرام و بڵاوکردنەوەی

ئــەو رۆژنامەیــە، هــەر لەســەرەتای رونــاکی بینینیــەوە، رووی لەخوێنەر کردووەو پێی وتووە:

(ژین رۆژنامەی خۆتە، پرست چییە لێی بکە، سکاڵات چییە بۆی بکــە، رەخنــەت چــییە لێــی بگــرە، بــەدڵ و دەروونێکــی فراوانــەوە ئامادەین بۆ قۆستنەوەی هەموو جۆرە رەخنە و تێبینیـەکی راسـت و درووست)[3]

ژیـن، مەبەسـتی بڵاوبوونـەوەی بەشـێوەیەکی درووسـت و بـەربڵاو، بەتــەنیا لەشــاری ســلێمانی هــەموو رۆژانــی (5شــەممە)یــەك لەکتێبخانــەکانی (گەلاوێــژ، ســلێمانی، بێکــەس و پیرەمێــرد) چــنگ کەوتوە.

بۆ سودد وەرگرتنی خوێنەری کورد لەشارەکانی دیکەدا لێـی، بـەم ناونیشانە پردی نێوان خۆی و خوێنەرانی دروست کردوە:

لەکەرکوك: کتێبخانەی ئاسۆ.

لەهەولێر: کتێبخانەکانی سەرکەوت و سۆلاڤ.

لەبەغدا: کتێبخانەی الفکر الجدید

---

[3] ژین، ژمارە (2)، 1970/12/17.

## باسی (3)

## (ژین).. بوارێك بۆ ئەدەبیات و روناكبیریی كوردی

دوای هەڵدانەوەو سەرنج لە سەرجەم ژمارەكانی (ژین) گەیشتوینە ئەو راستییەی كەوا رۆژنامەیەكی تایبەتمەند بووە بەئەدەبیات و روناكبیری و هەندێ بابەتی دیكەی هونەر و هەمەرەنگ.

دیارە رۆژنامەگەریی تایبەت بەئەدەب، سەرجەم ژانرو چەشنە ئەدەبییەكان دەگرێتەوە، لە (ژین)دا دەبینین زیاتر بایەخ بەولایەنە دراوە، واتە ئەدەب، پاشان لایەنی دیكەی روناكبیری و رۆژنامەگەریی بەشێوەیەكی گشتی.

لەرەوتی رۆژنامەگەریی كوردیشدا، هەر لەیەكەمین رۆژنامەی (سلێمانی)یەوە كە (پێشكەوتن) تا (ژیانەوە) و رۆژنامەكانی سەردەمی حوكمڕانیی شێخی نەمر و پاشان هەردوو رۆژنامەكەی پیرەمێرد (ژیان و ژین)، دەبینین بابەتی ئەدەبیی رەنگو ڕوو بوون بۆ رۆژنامەكان و زۆریش لەوانەی بەرپرسی سەرەكی و نووسەری رۆژنامەكان بوون هەر لەخودی ئەدیبان خۆیاندا بوون.

(ژین) هەر لەژمارە بەرایییەكانییەوە، هەوڵی ئەوەیداوە كەوا پردی پەیوەندیی نێوان خۆی و نووسەرە بەشدارەكانی لەگەڵ خوێنەرانیدا پتەوبێت.

(رۆژنامەنووسیی کۆرپەی ئەدەبە، هەرچەندە گەشەی زۆری کردوە، بەڵام نەیتوانیوە باوکایەتی لەئەدەب بسێنێت)[1].

(ژین) کە لەلایەن کەسێکی روناکبیر و تێکۆشەرێکی شاعیر و رۆژنامەوانەوە دەرکراوە، لەو راستییە گەیشتووە کە (ئەدەب وەك ئەو دنیا فراوانەی بواری دەربڕینە مرۆییە باڵاکان، توانیویەتی تەمەنێکی درێژ بەرەوتی مێژوویی خۆی بدات و ئەو زمانە بێت کە کۆمەڵە مرۆییەکان لێیەوە کەلتوری زاتی خۆیان، دواتر کۆمەڵەکەیان، دواتر ناوچەکەیان بەزیندوویی بهێڵنەوە)[2].

(ژین) هەروەك (ژیان) و (ژین)ی سەردەمی پیرەمێرد، زۆربەی لاپەڕەکانی بۆ ئەدەب تەرخانکراوە، هەرچۆن پیرەمێرد ئەدیب بووە بەر لەوەی رۆژنامەوان بووبێ، کاکەی فەللاح- یش بەهەمان شێوە بووە، چونکە تائێستاش ئەدەب لەزۆربلاوکراوەی کوردیدا لەبەرچاوە و (زمانی ئەندێشەو سۆز و پشاندانی ئیمیەجییانەی بابەتەکان لەم جۆرە کۆمەڵگایانەی ئێمەدا درێژەیان هەیە)[3]. لەرووی هەڵسەنگاندنی تیۆرییەوە، بەر لەوەی ورتر قسە لەسەر (ژین) بکەین، دەبێ کەمێکی دیکە قسە لەسەر (رۆژنامەگەریی ئەدەبیی بکەین و وەك د.ئەدیب خضور لەکتێبەکەیدا (الأعلام

---

(1) هەڤاڵ ئەبوبەکر حسێن، چەشنە ئەدەبی و رۆژنامەنووسییەکان، ل/ 189.

(2) هەمان سەرچاوە، ل/ 190.

(3) هەمان سەرچاوە، ل/ 262.

المتخصص)[4] باسی دەکات لەرووی مێژوویییەوە، رۆژنامەگەریی لەم لایەنانەوە پەیوەندیی توند و تۆڵی لەگەڵ ئەدەبدا هەبووە:

1- یەکێتیی وەرگر: لەسەرتاوە خوێنەری رۆژنامە هەر لەخوێنەرانی ئەدەب بوون.

2- پشتبەستن بەیەکتر: رۆژنامەگەریی ئەدەبیی بەهۆی بابەتە ئەدەبییەکانەوە کاریگەریی لەویژدانی خوێنەر کردوە.

3- کارلێکی بەرامبەر: ئەدەب، رۆژنامەگەریی زیاتر مرۆیی کردوە و رۆژنامەگەریش وایکردوە ئەدەب زیاتر واقیعی بێ و لەزەوییەوە نزیکتر بێ وەك لەئاسمان.

4- یەکێتیی کادیر: لەزۆرسەردەمدا، کادیر و هەڵسوڕاوەکانی بواری رۆژنامەگەری و ئەدەب یەك بوون.

لە (ژین)دا هەمەچەشنەیی بابەتە بڵاوکراوەکان نزیکمان دەکاتەوە لەپێناسەی ئەوتۆ کەپڕاوپڕن بەناساندنی رۆژنامەگەریی ئەدەبیی، ئەوەتا لە (ویژدانی رۆژنامەگەری)دا وتراوە (رۆژنامەگەریی ئەدەبیی یەك لەو ئاکامانەیە کە کۆششی رۆژنامەنووسان پێی گەیشتووە... ئێستا دەتوانین بڵێین رۆژنامەوانی ئەدەبیی پردی نێوان رۆژنامەگەری و ئەدەبیاتە، لەئەرکەکانی ئەم رۆژنامەگەرییەش:

---

[4] د.ادیب خضور، الأعلام المتخصص، ص/ 53، 54.

**راگەیانـدن و خۆشـگوزەراندن و پەخشـی روناکبیرییـە لـەرێی وێنـەی وەسفیی ئەدەبی و ستوونی ئەدەبی و ستوونی تەنزو.. تاد[1].**

**رۆژنامەی (ژین)ی حـەفتاکان، لـەنێو دەسـتە خوشـکەکانی (برایـی) و (هاوکـاری)دا جـۆرە جیاوازییـەکی هـەبووە، چـونکە زیـاتر تـەرخان بـووە بـۆ ئـەدەب و رونـاکبیری و ئـەدیب و نووسـەرانی کـوردیش هـەر لـەژمارەکانی یەکەمیـەوە بـەپیر ئـەو رۆژنامەیـەوە چوون و کردویانـە بەسەرچاوەی پەخشی بەرهەمیان[2]**

---

[1] احمد موسی قریعی، ضمیر الصحافه، ل/ 132.

[2] زۆر ئەدیبی ناسراوی ناوەند و ئەدەبییەکە لە (ژین)ەوە دەنگیان بیستراوە و پەرەیان بەئەزموونی خۆیان داوە.

# ( بەشی سێیەم )

# لایەنە رۆژنامەگەرییەکانی ( ژین ) و بابەتەکانی

## لایە ... ەکانی

رۆژنامەگەریی، پرۆسەی تەکنیککارییە بۆ رومالّکردن و تۆمارکردن و چاپ و بلاوکردنەوەی ئەو پەیامە رۆژنامەنووسییەی ئامادەدەکرێت بۆ کەناڵێکی میدیایی، بەرۆژنامەشەوە[1].

گەر وەکو تەکنیك و لایەنی رۆژنامەوانیی سەرنج بدەینە (ژین)، دەگەینە چەند ئەنجامێك:

1- هونەرکاریی و دیزاین لەم رۆژنامەیەدا لاوازبووە.

دیارە ئەوانەش ئاستی هونەریی چاپ و جۆری کاغەز و چۆنێتی دروستکردنی رۆژنامەکە دیارییان کردووە.

---

[1] هەڤاڵ ئەبوبەکر حسێن، چەشنە ئەدەبی و رۆژنامەنووسیەکان، ل/ 111.

2- لـەو دەمــەدا، بەســەرەتایی تــرین رێگــای بەرهــەمهێنانی ڕۆژنامە لاپەڕەکان ئامادەکراوە.

پیتچــنین هــەبووە و دوای ئــەرکی یــەکجار زەحمــەت پیتــە قورقوشمییەکان کۆکراونەتەوە و لەبەر رەشنووسی وتـارو بابەتەکانـدا رێکخراون و پاشان لەسـەر پلێتـی ئاسن خراونەتـە ئامێری چاپەوە و دوای ئەوەی مرەکەبیان بـۆ بـەکارهێناوە پرۆڤەیـەکی چاپکراوی سـەر کاغـەز دەرهێنــراوە و تەماشـای کــراوە و هەڵەچـنی و وردبینــی بــۆ کراوە، پاشان پلێتەکان بۆ هەر لاپەڕەیـە خراونەتـەوە نـاو ئامێرەکـەوە و لاپەڕە بەلاپەڕە چاپکراون.

دیــزاین زۆر ســەرەتایی بــووە و هێــڵ و هەنــدێ مۆنتیــف و وێنــە و ناونیشــان لەلاپەڕەکانــدا بــەکارهێنراون. لەبــەر نــەبوونی کارمەنــدی پســپۆڕ لــەو دەمــەدا (بێجگەلــە ژمارەیــەك پیتچــن و لەچــاپدەر) ئــەم ڕۆژنامەیــە ســەرەتاکانی کــاری دیزاینــی لەگەڵــدا نەکراوە..

بــۆ نموونــە ســتوونەکان لەلاپــەڕەدا وەك یــەك رێکنــەخراون، جێگۆڕکــێ بەشــێوەیەکی ســەیر بــەپاشماوەی بابـــەت و شـــوێنی گۆشـــەکانەوە کـــراوە، لەووبـــەرتر ڕۆژنامـــەمان هـــەبووە کـــارە هونەرییەکانیان لە (ژین) باشتر رێکخراون.

## هەڵەو کەموکورتیی ڕۆژنامەگەریی لە ( ژین )دا

لەســـەرنجدانی جـــۆری بڵاوکردنـــەوەی بابەتەکانـــدا، هەســـت بەکۆمەڵێ کەموکورتی رۆژنامەوانیی دەکەین، نموونەی ئەوانەش:

1- بابــەتێ لــەژمارەی (1) و لەلاپــەڕەی (1)دا بــەناوی (چــەند ســـەرنجێك دەربـــارەی ئـــەدەبی کـــوردی) بڵاوکراوەتـــەوە، بـــەڵام پاشماوەکـەی بـراوە بـۆ دوا لاپـەڕە (لاپـەڕە/ 8) و دیسـانەوە لـەوێوە براوەتەوە بۆ ل/7 !

2- قەسـیدەی (چـیرۆکێ)کـی (دیـلان) لـەژمارە (1)دایـە، بـەڵام پاشماوەکەی لە ژمارە (2)دا دەبینین !

3- لەژمارە (2)دا و لەلاپەڕەی سێیەمدا لـەژێر وێنـەی شـێخ نـوری شێخ ساڵح دا ناوی نووسەری بابەتەکە (س.ع.شادمان) دانراوە !

4- لـــەژمارە (6)دا راپۆتـــە هـــەواڵێ لـــە چـــەپی لاپەڕەکـــەدا لەستوونێکی 6سم دابەزێنراوە، کەچی پاشماوەی هـەمان بابـەت لـەلای راستی هەمان لاپەڕەدا دانراوە !

5- گۆشەی (وشـەیەك)ی کرمـانج هـەرجارە لەلاپـەڕەو شـوێنێکی لاپەڕەدایە.

6- دووان لەچیرۆکە وەرگێڕاوەکان:

- باوکم زاوای منە ژ/ 8

- خۆزگەم بەخۆت ژ/ 10

ناوی نووسەرەکانیان نەنوسراوە

7- دوا لاپـــەڕەی هەمـــەرەنگ و وەك دەگـــوترێ (وێســـتگەی حەوانەوە) گەلێ جار سەقەت کراوە، بۆ نموونە لە ژ/ 10- دا

پاشماوەی دوو لێکۆڵینەوە لە ل/1 – وە براوەتە ئەویَ !

8- لـەژمارە (12) بابــەتی (پــەرتووکی ســەرەتایی خوێنــدنی کــوردی نــویَ) دانــراوە و نووســراوە (پاشمــاوەی ژمــارەی پێشــوو) کەلەراستیدا بەشەکەی یەکەمی لەژمارەی (10) دایە، نەك (11).

9- لـە ژمـارە (12)دا و لـە ل/4 دا راسـتکردنەوەیەك نووسـراوە کـە ژمارەکـە لـە 3/4 دا دەرچـووە، نـەك 1971/3/5، دیـارە زووتـر ل/1 براوەتە ژێر ئامێری چاپەوە و چاپکراوە و لەدەست دەرچووە.

10- لە ژمـارە (18)دا چیرۆکێکی (کاکـە مـەم بۆتـانی) ناونیشانی نییە.

11- چەند جاریَ لەسەر ئەو بابەتانە نووسـراون کەلـە رۆژنامـە و گۆڤاری تردا بلاَوکراونەتەوە، وەکو (برایەتی) و (بەیان) کـە دەسـتوری رۆژنامـەوانی ئـەوە دەخوازێـت ئـەو بابەتانـەیان بـۆ خـودی چاپکراوە ناوبراوەکان بناردایە.

## سەلیقەی رۆژنامەگەریی

لــەم رۆژنامەیــەدا، بەچــەند کارێــك ســەلیقەی رۆژنامــەوانی بەرپرسەکەی دەرکەوتوون، لەوانە:

1- بابــەتێکی (رەفیــق حیلمــی) ســەبارەت ئــەدەبی کــوردی لــە هــەردوو ژمــارەی (1 ، 2)دا لەســەر دووســتوونی لاپــەڕەی یەکــەم لەهەمان جێگادا (لای چەپی لاپەڕەکە) دانراوە.

هـەروەها لـەكۆتايى بەشـى يەكەميـدا نووسـراوە (ماويـەتى) و لەسەرتاى بەشى دووەميدا نووسراوە (پاشماوەى ژمارەى پێشوو).

2- لەبۆكسى لاى چەپى لاپـەڕەى يەكەمـدا تـايتڵى پەسـەند بـۆ (لەپەندەكانى پيرەمێرد) بە مـۆنتيڤى شـاعيرەوە دانـراوە و بەدرێـژايى ژمارەكانى دواتريش ديمەنى پەسەندى داوەتە لاپەڕەكە.

3- تـــايتڵى گۆشـــەكانى (باخچـــەى هەڵبەســـت) و (ژيـــن و خوێندەوارانى) گونجاو و جوانن.

4- لە ژ/ 2دا، لەپيرۆزبايى (تيپـى نوانـدنى سـلێمانى) بـە بۆنـەى دامەزراندنيەوە بەناوى رۆژنامەكەوە نووسراوە:

ئاواتى ئێمەش هێنانەدى يـەكێتى هونەرمەنـدانى كوردسـتانە، ئـەم ئاواتە 13 ساڵ دواى ئەوە هاتووەتەدى.

5- داواى ڕەوا لەنووسەران (لە ژ/6)دا كراوە و نووسراوە :

- تائەتوانن نووسينى كورت و پوخـت و هاوچـەرخانە و نـوێ و بەهێزمان بۆ بنێرن.

- پەلەى بلاوكردنەوەمان لێ نەكەن.

- بـەپێى ڕێبـازى وێـژەيى و زانيـارى و كۆمەلايـەتيى (ژيـن) نووسراوەمان بۆ بنێرن.

- زيـاتر بايـەخ بەكورتـە چـيرۆك و نووسـينى شـانۆگەرى و لێكۆڵينـەوە و زمانـەوانى و ڕەخنـەى وێـژەيى و وەرگێڕانـى نايـاب بدرێت.

- نووسین بەختێکی خۆش و ڕەوان و لەیەك دیوی کاغەز بنووسرێ و بەبڵاوی..

6- لە ژمارەی (9)دا وێنەی منداڵێك و کێکی جەژنی لەدایك بوونی شتێکی نوێ بووە لەرۆژنامەی ئێمەدا.

7- لەژمارەی (13)دا و لەرۆژی 1971/3/11 دا هاوکات لەگەڵ تێپەڕبوونی ساڵێکی تەواو بەسەر بەیاننامەی (ئازار)دا لەسەروەی لاپەڕەی (1) داو لەسەروو لۆگۆدا نووسراوە: هەربژی 11ی ئازاری پیرۆز.

8- لە ژمارە (22)دا هەردوو نووسەر (حەمەکەریم هەورامی و عەزیز گەردی) پێکەوە باسیان لەواقیعی قوتابخانە و خوێندن کردوە.

9- لە ژمارە (23)دا ع.ع.شەونم ڕەخنەی سەبارەت چیرۆکی (پەتیارە)ی موحەڕەم محەمەد ئەمین نووسیوە و لەژمارەی دوای ئەودا وەڵامی (موحەڕەم) بڵاوکراوەتەوە، ئەمەش هەنگاوی بەجێ بووە بۆ ڕەخنەی چیرۆکی کوردی...

## باسی ( 2 )

## ژین.. لەرووی چەشنە رۆژنامەگەرییەکان و ناوەرۆکەوە

هەڵبەت، هەفتەنامەی ژین، کەبەشێوەیەکی گشتیی تەرخان بووە بۆ ئەدەب و پاشان روناکبیری و هەمەرەنگ، هەواڵ، ریکلام (بۆ دابینکردنی توانای دارایی و بەردەوام بوونی رۆژنامەکە)، لەهەر

(24) ژمارەکـەی تەمـەنی شـەش مـانگی یەکـەمی ڕۆژنامەکـەدا نـاوەڕۆکی (ژیـن) بریتییـە لـە چـەند چەشـنێکی ڕۆژنامەگـەریی، یـان ژانرێکـی ڕۆژنامـەوانیی گـرنگ و هەنـدێکی دیکـەی لاوەکـی.. یـان ناوبەناو.

لەچەشنە سەرەکییەکان چاومان دەکەوێت بە:

1- لێکۆڵینەوە.

2- وتار

3- شیعر.

4- چیرۆك.

5- بابەتی ئەدەبیی بۆ منداڵان.

6- پەخشان.

7- هونەر.

8- هەمەڕەنگ و رابواردن (خلاَفاندن).

9- وەرزش.

10- هەواڵ.

11- ریکلام.

لێرەوە، بەچاوی ناساندن و هەڵسەنگاندنەوە بەهەریـەك لـەو ژانـر، یان چەشنە ڕۆژنامەگەرییانەدا دەچینەوە، تـا پێگـەی هەریەکـەیان لـە (ژیــن) دا بــزانین و بگەینــە ئــەو ئەنجامــەی داخــۆ وێــڕای دەوڵەمەنـدکردنی ڕۆژنامەکـە، ئایـا چـەندە بابەتـە بڵاوکراوەکـانی

(ژین) کاریگەرییان لەسەر ئەدەبیاتی کوردی (بەشێوەیەکی گشتی) و ناوەندە ئەدەبیەکە (بەشێوەیەکی تایبەتی) هەبووە.

## ● لێکۆڵینەوەکان:

لێکۆڵینەوەکانی (ژین) بەگشتی سەبارەت لایەنەکانی ئەدەبیات و زمانی کوردین، لەگەڵ هەندێ بابەتی رەخنەیی..

لەئەدەبیاتدا، باس لەمێژووی ئەدەب و رێبازە ئەدەبییە جیهانییەکان کراوە، هەروەها رەخنەی ئەدەبی (وەك مێژوو و پراکتیك)، لەگەڵ یادی شاعیران و بەسەرکردنەوەیان بەهەڵسەنگاندنی بەرهەمیان و پاشانیش هێنانەوەی نموونەی گەش لەبەرهەمی ئەوان، هەروەها: بابەتی زمانەوانیی گرنگ، توێژینەوە دەربارەی فۆلکلۆری کوردی، کێش لەشیعری کوردیدا، هەڵسەنگاندنی کتێبەکانی خوێندن، رەخنەی چیرۆك و.. تاد.

لێرەوە، وچانی زیاتر لەئاستی چەند لێکۆڵینەوەیەکی گرنگی رۆژنامەکەدا دەدەین، کە بۆ ئەو سەرەتایەی رۆژنامەگەریی ئەدەبیی بایەخدارن:

## 1- بابەتێکی گرنگی رەفیق حیلمی:

وێڕای ئەوەی رەفیق حیلمی مێژوونووسێکی گەورەی کوردە، توێژەرێکی ناوداری سەردەمەکەی خۆیشی بووە.

لەژمارە (1)ی (ژین)دا لێکۆڵینەوەیەکی بڵاوکراوەی لەوە و بەری بەزمانی عەرەبی، کراوەتە کوردی و ناونیشانەکەی بریتییە لە (چەند سەرنجێك دەربارەی ئەدەبی کوردی)، تیایدا ئاماژە کراوە بەو دەورانەی ئەدەبی کوردیی پیایدا تێپەڕیوە، بەتایبەت دوای بڵاوبوونەوەی ئایینی ئیسلام، هاوکات داوایکردوە (بەوردی لەبنج و بناوانی ئەدەبەکە بکۆڵرێتەوە)، ئینجا باس لەشیعرێکی زۆر کۆنی نووسراو لەسەر پێستی ئاسك دەکات کە لەئەشکەوتەکەی (جێشانە) دۆزراوەتەوە و تایدا شاعیر شیوەنی لەدەستی ئەو حاڵە ناخۆشەکردوە کەکوردان لەئەنجامی دەستبەسەرداگرتنی وڵاتەکەیان دووچاری بوون.. دواجار ئاماژە بەناوی گەورە زانایانی کوردی وەك (شێخی نۆدێ و کاك ئەحمەدی شێخ) دەکات.

لەژمارە (2)دا و لەبەشی دووەمی لێکۆڵینەوەکەیدا، نووسەر هاتووەتە سەر (شیعر) و وتویەتی (شیعر بەگیانی سۆزێکی نەتەوایەتی ئاوادرابوو، هەتا بیرکەرەوەی کورد و شاعیری بلیمەت ئەحمەدی خانی دەرکەوت کەیەکێکە لەگەورەترین شاعیرانی سەردەمی خۆی).

## * سەرنج لەسەر لێکۆڵینەوەکە :

وا دیاره ئـەو لێکۆڵینەوەیـە هـەمووی بڵاونەکراوەتـەوە، بـەڵام بـەو دووبەشەدا ئەو راستیە درەوشاوەتەوە کە مامۆستا حیلمی پاشـخانێکی روناکبیریی گەورە لەپشت زانیاری و بۆچوونەکانیەوە هەبووە.

## 2- بابەتە بە پێزەکانی مامۆستا گۆران:

لـەکۆتایی پەنجاکانـدا، گـۆرانی شـاعیر و نووسـەر و رۆژنامـەوانی کـورد، وەك (وانەبێـژ) پـەروەردەی خوێنـدکارانی بەشـی کـوردیی کۆلێـژی ئـەدەبیانی زانکـۆی بەغـدای کـردوە، لـەوێڕا بابـەتی لێکۆڵینـەوەی ئـەدەبیی بـۆ ئامـادەکردوون، دیـارە خـاوەنی (ژیـن) بـە دەرفـەتی زانیـوە ژمارەیـەك لەلێکۆڵینـەوەکانی گۆران لەرۆژنامەکەیـدا روناکی بینین، ئەوانیش:

- رەخنـەی وێـژەیی چـییە / ئەسـڵی وشـەکە لەعەرەبیـدا و پێناسەکانی (ژمارە -1)ی ژین.
- شـیکردنەوەی رەخنـە، سـەرنج لـەسەر ئـەرکی رەخنـە (ژمارە -2).
- مێـژووی رەخنـە بـەکورتی لەکوردیـدا (ژمارەکـانی 3، 4، 5) و میێـژووی رەخنـە (یۆنـانی) لـە (ژمارەکـانی 6، 7، 8، 9، 10) و مێژووی رەخنە (عەرەبی) لە (ژمارەکانی (11، 12، 13) و چۆنێتی رەخنە لە ژمارەکانی (14، 15، 16).
- هەڵبەست.. کێش و قافیە، ژمارەکانی (17، 18).

- کێشی هەڵبەست لەزمانی کوردیا، ژمارە (19).
- کورد و کێشی بڕگەیی، ژمارە (20).
- ئاوڕێك بەرەو مێژوو، ژمارەکانی (21، 22، 23).
- ئەو کێشە بڕگەییانەی ئێستا باون ژمارە (24).

لەتەواوی لێکۆڵینەوەکاندا، وێڕای خەمخۆریی ئەو ئەدیبە مەزنە بۆ فراوانکردنی سەرچاوەکانی بەردەستی نووسەرانی کورد، هەست بەوە دەکرێت شاعیرەکەمان چەندە ئاگاداری ئەو لاینە گرنگانەی وەك (رەخنە، شیعر و کێشی شیعر) بووە و چەندە زانیاریی لەسەر لایەنە پێکهاتە و زیندووەکانی ئەدەبیات هەبووە.

## 3- بێکەس لەدیدی بێکەسی کوڕەوە:

لەبیرەوەریی بێکەسی شاعیر و باوکا، بابەتێکی شێرکۆ بێکەس- ی شاعیرە، کەباسێکی وردە لەسەر فایەق بێکەسی شاعیری نەتەوەیی، نووسەر ویستویەتی جڵەوی قەڵەمەکەی بۆ (سۆز) شل نەکات و بەتەنیا لەشیعر و هەڵوێستی پڕ شانازیی بێکەس بدوێت.[1]

## 4- ئەدەبی رەخنە و رەخنەی ئەدەبیی:

[1] ژین، ژمارە/ 1.

لەنووسینی محەمەد رەشید فەتاح، لەو دەمەدا باسێکی نوێ بووە سەبارەت ئەو ژانرە گرنگەی ئەدەبیات کە (رەخنە)یە.[2]

## 5- یادی کۆچی شێخ نوری شێخ سالّح:

لەنووسینی (س.ع.شادمان)ە کە لەدرێژایی ژمارەکانی (ژین)دا بابەتی دیکەی دەبینرێت، نووسەر لێکۆڵینەوەکەی بەبۆنەی تێپەڕبوونی (12) سالّ بەسەر کۆچی دوایی شێخ نوری دا نووسیوە و باس لەئاستی شاعیر دەکات و نموونەیەکی شیعرەکانیشی خستووەتەوە بەرچاو.[3]

## 6- دەربارەی ئەدەبی کوردی:

لەنامیلکەیەکی عەرەبیی لەچاپدراوی سالّی (1969)وە کراوەتە کوردی و سەبارەت بە مێژووی ئەدەبی کوردییە، ئەم بابەتە لەئامادەکردنی (لیژنەی ئەدەبی کوردییە لەیەکێتی ئەدیباتی عێراق)[4].

## 7- مەولەوی و محەمەد پاشای جاف:

---

[2] هەمان ژمارەی پێشوو.

[3] ژین، ژمارە / 2.

[4] ژین، ژمارە / 3.

باسێکی مێژوویی – ئەدەبییە تیایدا تیشك خراوەتە سەر مەزنە شاعیری کورد مەولەوی و پەیوەندیی لەگەڵ کەسایەتی ناسراوی عێڵی جاف (محەمەد پاشا) و باسەکە عەلی حسێن بەگی جاف نووسیویە[5].

## 8- بابەتێکی رەخنەیی لەسەر کۆمەڵە چیرۆکێکی نوێ:

دکتۆر کاوس قەفتان یەك لەو چیرۆکنووسانە بووە کەلە حەفتاکاندا بووەتە ناوێکی درەوشاوە، لەوددەمەدا بەکۆمەڵە چیرۆکی (خۆری ئاوابوو) بەشداری رەوتی چیرۆکی کوردیی کردوە و (محەمەد حەمەباقی) بەناوی (چەند سەرنجێکی سەرپێ یی لەخۆری ئاوابوو) وەك بابەتی رەخنە نووسین لەکۆمەڵە چیرۆکەکە دواوە.[6]

## 9- بابەتە زمانەوانییەکانی ئالانی:

رەووفی ئەحمەد ئالانی، یەك لەنووسەر و توێژەرە دەگمەنەکانی کوردە کە شارایەك بەرهەمی زمانەوانیی پێشکەش بەرۆژنامەوانیی کوردی و کتێبخانەی هەژارمان کردوە لە رووی بابەت زانستیەکانی زمانەوانییەوە. لە(ژین)دا بەگەرموگوڕی هاتووەتە ئەم مەیدانەوە، بەرهەمی زمانەوانی ئەو توێژەرە لەم رۆژنامەیەدا بریتین لە:

- *پیتی (ی) لەکوردیدا، لەژمارەکانی: 4، 5، 6، 7.*
- *پاشاگەردانی زاراوە بەپاشاگەردانی چارەسەر ناکرێ، ژ/13 و 14.*

---

[5] ژین، ژمارە / 3.

[6] ژین، ژمارە/ 4.

*- لێکۆڵینەوەیـــەك دەربـــارەی کتێبـــی (ڕێزمـــانی پـــۆلی دووەمـــی ناوەندی)، ژ/ 19.*

*- پرسیار لەتەرازووی ڕێزماندا، ژ/ 21.*

## 10- ڕێبازە ئەدەبییـــە جیهانییـــەکان لـــەزنجیرە لێکۆڵینەوەیەکدا :

عەزیز گەردی، یـەك لـەو توێـژەرە ئەدەبیانەیـە لـەزووەوە هەسـتی بەوەکردوە کە ئەدیب و نووسەرانی کورد پێویستە لـەرووی زانسـتی و ئەکادیمییەوە زانیاریی تەواو دەربـارەی رەوتـی گەشـەکردنی مێـژوویی ریبـــاز و قوتابخانـــە ئەدەبییـــەکان پەیداکـــەن، هـــەر بۆیـــە بـــەزنجیرە لێکۆڵینەوەیەك کاری بۆ ئەو ئامانجە کردوە، ئەوانیش:

*- ســـەرنجێك لەدەرکـــەوتن و پێشـــکەوتنی ڕێبازگـــە وێژەییـــەکان لەجیهاندا، ژ/5، 6.*

*- ڕێبازگەی کلاسیکی چییە، ژ/7.*

*- ڕێبازگەی ڕۆمانتیکی چییە، ژ/ 8، 9.*

*- ڕێبازگەی ریالیزمی چییە، ژ / 10، 11.*

*- ڕێبازگەی چەڤەنگی چییە (الرمزیە)، ژ/ 12.*

*- سریالیزم، ژ/ 17، 18.*

## 11- هۆنراوەی فۆلکلۆر لەمشتومڕێکدا :

محەمـــەد حەمـــەباقی لـــە ژ/8 دا بابـــەتێکی بـــەناوی (هـــۆنراوەی فۆلکلۆرمـــان بۆچـــی تـــاکن) بڵاوکردوەتـــەوە و جەعفـــەر شـــێخ حســـێن

بەرزنجی لە ژ/11 دا سەرنج و تێبینی خۆی لەسەر ئەو بابەتەی یەکەم خستووەتە بەرچاو.

## 12- هەردی بەدوای لێکۆڵینەوەیەکی خۆیدا دەچێت:

کێش لەشیعری کوردیدا، لێکۆڵینەوەیەکی (ئەحمەد هەردی)یە کەیەکەمجار لەرۆژنامەی (برایەتی)دا بڵاویکردوەتەوە، لەژمارە (9)ی (ژین)دا بابەتێکی سەبارەت ئەو لێکۆڵینەوە ناوبراوە بەناوی (روونکردنەوەیەك دەربارەی وتاری کێش لەشیعری کوردیدا)بڵاوکردوەتەوە.

## 13- هەڵسەنگاندنی (سەرەتای خوێندنی کوردی) لەزنجیرە لێکۆڵینەوەیەکدا:

پەڕتووکی سەرەتای خوێندنی کوردی کەبەشێك بووە لەپرۆگرامی خوێندکاران بۆ پۆلی شەشەمی ئامادەیی ناوچە عەرەبییەکان لەلایەن وەزارەتی پەروەردەوە ئامادەکراوە، چوار مامۆستا بەچەند بەشێك لە (ژین) دا باری سەرنجیان سەبارەت ئەو کتێبە خستووەتە روو، ئەوانیش بریتیبوون لە مامۆستایانی زمانی کوردی لەشاری (بەسرە):

خەسرەو جەلال، خالید عوسمان، قادر مارف و نەجم عوسمان لەم ژمارانەدا لێکۆڵینەوەکەیان بڵاوبووەتەوە:

ژ/ 10، 12، 13.

## 14- سەرەتا یان پێشەکی:

قسەکردنی (محەمەد حەمەباقی) یە لەسەر بابەتێکی (تاهیر سادق) لەمەڕ پێشەکی نووسین بۆ کتێب کە نووسەر لە (برایەتی)دا بڵاویکردوەتەوە و محەمەد حەمەباقی ئەم سەرنجانەی لە ژ/11 دا خستووەتە بەرچاو:

لەژمارە (13)دا تاهیر سادق وەڵامی بابەتەکەی بەهەمان ناونیشانی (سەرەتا یان پێشەکی)ی داوەتەوە.

لەژمارە (18)شدا مستەفا ساڵح کەریم سەرنجەکانی خۆی لەسەر ئەوباسە و وەڵامەکەی تاهیر سادق بڵاوکردوەتەوە.

## 15- سەیدی هەورامی گۆبەنگ دەنێتەوە:

سەبارەت شیعری شاعیری ناسراو (سەیدی هەورامی) لەژێر ناونیشانی (سەیدی هەورامی و دوا وەرامم بۆ عوسمان هەورامی)، محەمەد ئەمین کاردۆخی لەژمارە (17)دا بابەتێکی نووسیوە و لەژمارە (22)دا عومسان هەورامی بەناوی (لێکۆڵینەوە یا توانج وپلار) بڵاوکردوەتەوەو تیایدا وەڵامی (کاردۆخی) داوەتەوە.

## 16- هەورامی و گەردی و لێکۆڵینەوەیک:

هەردوو نووسەر حەمەکەریم هەورامی و عەزیز گەردی لەژمارە (22)دا باسێکیان بەناوی (پێڕەوی قوتابخانە کوردییەکان لەتای تەرازوودا) خستوەتە بەرچاوی خوێنەرانی (ژین).

## 17- پەتیارە و لێکۆڵینەوەیەکی دووئەڵقەیی:

ع.ع.شەونم بابەتێکی رەخنەیی لەسەر چیرۆکی (پەتیارە)ی چیرۆکنووس موحەرەم محەمەد ئەمین لەهەردوو ژمارەی (23) و (24)دا خستووەتە بەرچاو.

- **وتار:**

وتار گوزارشت لەرای نووسەرەکەی دەکات، دەربارەی بابەتێکی دیاریکراو دەدوێت و هەوڵدەدات لێکدانەوە و بەڵگە و شیکردنەوەی لەتێروانینی نووسەرەکە خۆیەوەبێت، تاوەکو خوێنەر قایل بکات.[1]

ئامانج لەنووسینی وتاریش هەڵسەنگاندن و روونکردنەوەی دیاردە و رووداوەکانە بەشێوەی بەڵگە و سەلماندنێك کە لەزانیاریی کەسیی نووسەرەوە سەرچاوە دەگرن[2].

لەبەر رۆشنایی ئەو دوو پێناسەیە و دابەشکردنی زانستیانەی وتار، بە وتارە بلاوکراوەکانی (ژین)دا دەچینەوە:

### وتارە ئەدەبییەکان:

1- یادی شاعیری بەنرخ شێخ نوری شێخ ساڵح/ أ.ب.هەوری، ژ/ 3.

2- بیرەوەریی کۆچی 18 ساڵەی شاعیری لاو بەختیار زێوەر/ ژین، ژ/3.

---

(1) د.کرم شلبی، معجم المصطلحات الأعلامية، ص/ 338.

(2) هەڤاڵ ئەبوبەکر حسێن، چەشنەئەدەبی و رۆژنامەنووسییەکان، ل/ 129.

3- بێکەس/ نوری وەشتی، ژ/5، وتاری کۆمـەڵی هونـەر و وێـژەی کوردیی لەمهیرەجانی بێکەسی شاعیردا.

4- سەرنجێك دەربارەی یادی شاعیرانمان/ ئـەکرەم مەجیـد، ژ/7، سـەبارەت بەرنامـە تەلەفزیۆنییەکـەی یـەکێتی نووسـەرانی کـورد لەتەلەفزیۆنی کەرکوك.

5- چـەپکە گـوڵی منـیش لـەیادی بێکەسـی نـەمردا/ خورشـیدە بابان، ژ/7.

6- گۆشە ئەدەبییەکانمان/ کرمانج، ژ/7.

7- کۆچی خادیم/ س.ع.شادمان، ژ/7.

8- خالصیی شاعیر/ غەفور رەشید داراغا، ژ/12.

9- بـاری ئێسـتای ئـەدەب و نووسـەران/ ئـەمین مـیرزا کـەریم، ژ/14.

10- کـاری بـێ چاوپۆشـی/ مەجیـد نـەدیم، ژ/14، (سـەبارەت دیوانەکانی نالی و کوردی و وەفایی).

11- کـاك نـەدیم و دیوانـەکانمان/ کوردسـتان موکریـانی، ژ/18 (گفتوگـۆ لەسـەر وتارەکـەی مەجیـد نـەدیم لـە ژ/ 14 دا سـەبارەت دیوانی شاعیرانمان).

12- وەڵامێ لە مەحمود خاکی یەوە بـۆ وتارەکـەی مەجیـد نـەدیم لە ژ/14 دا، ژ/18.

13- گۆڤـاری نووسـەری کـورد وەك چـاوەڕێ ئـەکرا وانـەبوو/ محەمەد نوری تۆفیق، ژ/19.

14- رونکردنەوەیەك دەربارەی سەرنجەکانی ئەکرەم مەجید سەبارەت یادی شاعیرانمان/ مستەفا ساڵح کەریم، ژ/20.

15- شاعیر ئەحمەدی کوڕی شێخ ئەمین/ غەفور رەشید داراغا، ژ/20.

16- سەرنج لەکەلێنێکی تری زمانەوە/ غ، ژ/22 (سەبارەت نووسینی چیرۆکی منداڵان).

17- دەربارەی کۆڕی چیرۆك/ رەووفی ئەحمەد ئالانی، ژ/22.

## وتارە رۆژنامەوانی و روناکبیرییەکان:

1- کاروانی ژیان، مستەفا ساڵح کەریم، ژمارەکانی 3، 5: باسی کارکردنی خۆی دەکات لە (ژین)ی پەنجاکاندا و سەرلەنوێ بەشداریی لە (ژین)ی نوێدا.

2- بۆبەدەستهێنانی بەرهەمێکی چاکتر، کرمانج، ژ/4، خۆزگەی بەرهـــەمی ئـــەدەبی و روونـــاکبیریی بەپێزتریـــەتی بـــۆ ئـــەدیب و روناکبیرانی کورد.

3- گرنگترین رووداوەکانی ساڵی 1970/ ژین، ژ/5.

4- یادی 50 ساڵەی دامەزراندنی سوپای عێراق/ ژین، ژ/5.

5- دیـاری و گیرفـانی کلـۆڵ/ شـێرکۆ بێکـەس، ژ/5، سـەرف نەبوونی چاپکراوی نووسەر و ئەدیبانی کورد.

6- بۆ ساڵی نوێمان/ کرمانج، ژ/5.

7- ئەکادیمیـەی زانسـتیی کـوردان چـی بەسـەرهات؟/ کرمـانج، ژ/6.

8- منـیش ئـیتر کتێـب پێشـکەش ناکـەم/ مـەدهۆش، ژ/8، پشتگیرییە لەوتارەکەی شێرکۆ بێکەس لە ژ/5 دا کەدەربارەی سەرف نەبوونی بەرهەمی ئەدیبانی کورد نووسیویە.

9- جیهـان لەتەلـەفزیۆنا بـەکاڵی و بـەکوڵاویی/ کرمـانج، ژ/9، رەخنە ئامێز.

10- ئـەم پاشـاگەردانیە تاکـەی/ کرمـانج، ژ/12، (چـاپکردنی بەپەلەی بابەتە کاڵ و کرچەکان کەشتێکی وا بەکتێبخانـەی کوردیی نابەخشن)

11- چاوەڕێی ئـەم بەرهەمانـەش بـن/ کرمـانج، ژ/13 (سـەبارەت نووسینی بەلێشاوو چاپکردنی بەرهەمی سادەوساکار)

12- پیرەمێردی نەمر و جەژنی نەورۆز/ کاکەی فەللاح، ژ/14.

13- یاداشتی یەکێتی نووسەرانی کورد دەربارەی مەجمەعی عیلمیی کوردیی، ژ/14.

14- وتارێکی ئەحمەد خواجە لەسەر نووسینێکی (هەڵۆ) لە گۆڤاری (بەیان)دا کەقسەی لەسەر (چیم دی) خواجە کردووە، ژ/16، (وتارێکی توندە و بەزمانێکی زبر نووسراوە).

15- بۆ ئەوەی 300 فلسەکەی قانعمان بیرنەچێتەوە/ کرمانج، ژ/17، (پێشنیازی دروستکردنی قوتابخانەیەك بەناوی قانعەوە).

16- عیمارە تازەکەی ئینحیسار و پەیکەرەکەی پیرەمێرد/ کرمانج، ژ/18. (رەخنە لەبێ دیمەنیی پەیکەری شاعیری مەزن پیرەمێرد).

17- زۆر سەیرە/ جەعفەر شێخ حسێن بەرزنجی، ژ/20، (وتارێکی تەنز ئامێزە دەربارەی بەرگی کتێبی فۆلکلۆری کوردیی "وردی" کەنامۆ بووە لای نووسەر).

18- با مامۆستا و شاگرد بین تا ئەمرین/ شاکیر فەتاح، ژ/21.

19- جوانترین دیاریی/ کرمانج، ژ/22 (رۆژنامەوانیی /ئابووریی).

20- کێ ئەزانێ ئەم مەتەڵە چییە/ کرمانج، ژ/22 (ئابووریی).

21- زانانی کۆچکردوو شێخ مستەفای شێخ نەجیبی قەرەداغی، ژ/23.

22- چارەسەری نوێ بۆ نەخۆشیی سەرەتان/ ئا: رەووف حەسەن، ژ/23.

23- دابەشکردنی خەڵات/ کرمانج، ژ/23 (رەخنە دەگرێ لەو دیاردەیەی کە هەمیشە بەرپرسان لەبۆنەکاندا خەڵات دابەش دەکەن و بوار نادرێتە نوێنەری رێکخراوەکان و باوکی قوتابیان).

24- مەرحەبا مامۆستا گیان/ کرمانج، ژ/24 (پەروەردەییە).

## وتارە کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکان:

1- چارەیەك بۆ خوازەڵۆکی/ شاکیر فەتاح، ژ/1 تیایدا هەندێ پێشنیاز خراوەتە روو بۆ ئەوانەی تەمەڵن و کارناکەن.

2- دەنگ نەرمیی نیشانەی پێشکەوتنە/ شاکیر فەتاح، ژ/3.

3- لەپێناوی ژیانا/ کرمانج، ژ/3، بابەتێکی کۆمەڵایەتییە

4- دان بەتاوانەکاندا ئەنێم/ جەمال شاڵی، ژ/7، (بابەتێکی کۆمەڵایەتییە).

5- هەردووکمان هەر یاخی بووین/ محەمەد رەشید فەتاح، ژ/7 (کۆمەڵایەتی و روناکبیریی)

6- کەڵەشێریش نەبێ رۆژ هەر ئەبێتەوە/ عەبدولقادر بەرزنجی، ژ/7، (بابەتێکی کۆمەڵایەتیی ئامانجدارە).

7- چارلستۆن، مینی جۆب، عەبا، یا بەرگێکی تر/ کرمانج، ژ/8.

8- زمان برین یان خەتەنە کردن/ شاکیر فەتاح، ژ/9.

9- بۆ مەلا ئەحمەدی بێتووشی/ لەئافرەتانی کوردستانەوە، ژ/9، (رەخنە لەنامیلکەی بێتووشی لەتێڕوانینیدا بۆ ئافرەت).

10- ناو بەناو/ محەمـەد رەشـيد فـەتاح، ژ/9 (وتـارێ بەمەبەسـتی گەشەی کۆمەڵایەتیی)

11- تۆ بڵێی چارەسەری ئەم گرانییە نەکرێ/ کرمانج، ژ/10.

12- ریخۆڵـــەی ژن/ محەمـــەد ســـاڵح ســـەعید، ژ/10 (بابـــەتی کۆمەڵایەتیی بەزمانی ئەدەبیی).

13- هەنگاوی پیرۆز/ کرمانج، ژ/10.

14- لەنەورۆزا دووپێشنیار/ کرمانج/ ژ/14.

15- باران و گەنم و گرانی/ کرمانج/ ژ/16.

16- سەربەســتیی ئــافرەت/ موحــەرەم محەمــەد ئــەمین، ژ/17، (رەخنــە لەنامیلکەکــەی حــاجی مــەلا مــارف گرتــووە ســەبارەت بەسەربەستی ئافرەت).

17- باسەیران و گەڕان هەر بـۆ چـینێکی تایبـەت نـەبێ/ کرمـانج، ژ/18.

18- روونکردنەوەیــەك لەســەر سەربەســتیی ئــافرەت/ یــەکێتی زانایـانی ئـاینیی ئیسـلامیی کوردسـتان – لقـی دووی سـلێمانی، ژ/19 (سەبارەت بەنووسینەکەی موحەڕەم محەمەد ئەمین لەسـەر ئـافرەت و تـوانجی ئـەوەی لێـدراوە کـە نووسـەر نامیلکەکـەی حـاجی مـەلا مـارفی بەباشی نەخوێندۆتەوە).

19- هەر پارە هەموو شتێك نییە لە ژیان/ عەبـدولقادر بـەرزنجی، ژ/19.

20- سزا بەپێی خەتا/ رێبوار، ژ/21.

**وتاره سیاسییه‌كان:**

1- هه‌نگاوێكی پیرۆز/ كرمانج، ژ/11.

2- رێبازی ژین.. رۆژی 11ی ئازاری پیرۆز/ ژین، ژ/13.

3- بۆ به‌ڕێز پارێزگاری سلێمانی/ ئه‌حمه‌د مه‌عرووف و ره‌ووف مه‌عروف و نوری حاجی گورون و جه‌مال محه‌مه‌د سه‌عید و مه‌لامه‌جیدی عه‌تتار (كۆمه‌ڵێ پێشنیاز بۆ چاككردنی ره‌وشی شاری سلێمانی و ژیانی هاووڵاتیانی).

4- به‌بۆنه‌ی جه‌ژنی كرێكارانه‌وه/ كرمانج، ژ/20.

## شیعرەکانی (ژین)

(سەرچـاوەکان کـۆنترین دەقـی ئـەدەبیی بـۆ دەقـی شـیعریی دەبنەوە)،[1] لەرۆژنامەگەریی کوردیشدا، شیعر قەوارەیەکی فراوانی داگیرکردوە، (ژین) زانیویە چی دەخاتە بەرچاو، ئەوشیعرانەی کە ئیزافەبن بۆ بزاڤی شیعری کوردیی.

بۆ نموونە لە دوو ژمارەدا شیعرێکی (دیلان)ی شاعیری ئازادیخواز بلاَوکراوەتەوە، دیلان لەو دەمەدا خاوەن دیوانی گەورە بووە لەشیعری کوردیی[2] هەروەها لە ژ/10 دا شیعری (هەنگاو)ی روناکی دیوە. یان یەك لەشاکارەکانی گۆران خراوەتەوە بەرچاو کەبووەتە نەخش بۆ ئەو لاپەڕەیەی رۆژنامەکە[3].

هەرچۆن لەموناسەبەشدا شیعر بووەتە باشترین بابەتی یاد و بەرزراگرتنی نەمران، وەك شیعرەکەی کەریم شارەزا بۆ کۆچی دوایی شاعیری کۆیی (مەلا محەمەدی دلاوەر)[4].

---

[1] هەڤاڵ ئەبوبەکر حسێن، چەشنە ئەدەبی و رۆژنامەنووسییەکان، ل/39.

[2] شیعری (چیرۆکێ)، ژمارەکانی 1، 2 ی (ژین).

[3] یادی بێکەس، ژ/3 ی (ژین).

[4] ژین، ژ/3.

دیاره لەو سەرەتایەی رۆژنامەکەوە چەند شاعیرێك لەنۆبەرەکانی شیعری خۆیان خستووەتە بەرچاو، لەوانەش:

- عەبدولکەریم رەباتی – کیسەڵ و دووپشك (ژ/5)
- مەجید نەدیم – ئەی فریشتە (ژ/6).
- عەبدولڕەحمان مزوری – ژین (ژ/7).
- عوسمان هەورامی – یاری سرك (ژ/11) و نەورۆز و پیرەمێرد (ژ/14)و بەهاری هەوارا (ژ/19) و هەستی پاك (ژ/20).
- محەمەد حەمەباقی: بۆ چاوەکانی (ژ/16)، پێوانەی خۆشەویستیی (ژ/22)، دوویاد (ژ/24).
- پەشێو پێنجوێنی – بۆ منالآنی بلیمەت (ژ/24)
- نەوزاد عومەر – بەهاری شەرمەزار (ژ/23).
- مارف ناسراو – ئاوازی دەروون (ژ/16).

لەشاعیرە ناسراوەکانی ئەودەمەش: شێرکۆ بێکەس[5]، حەسیب قەرەداغی[6]، ئەژی گۆران[7]، محەمەد حسێن بەرزنجی (کەدوای شەهید بوونی شێخ عەلی برای نازناوی "ع.ح.ب"ی بۆ خۆی

---

[5] ژین، ژ/6.

[6] ژین، ژمارەکانی/ 6، 14، 15، 17، 22.

[7] ژین، ژمارەکانی/ 7، 17، 20، 22.

هەڵبژارد، واتە عەلی حسێن بەرزنجی)[8]، عەبدوڵڵا پەشێو[9]، جەمال شارباژێڕی[10] و کاکەی فەللاح[11] و کامیل ژیر[12].

هەر بۆ وەبیر هێنانەوەی گەوهەرەکانی شیعری کلاسیکی کوردی، ڕۆژنامەکە چەند شیعرێکی شاعیرە ناسراوەکانی کوردی خستووەتەوە بەرچاو کە تائەو کاتەش زۆریان دیوانی جوان لەچاپدراویان نەبووە، ئەوانیش: مەحوی، فانی، هێمن، بێخود، قانع، ئەحمەد شوکری، خالیسی، پیرەمێرد، شێخ نوری شێخ ساڵح.

هەروەها: مەدهۆش و عەلی وریا و جەلال خۆشناو ڕەمزی مەلا مارف و قادر برسی لەو شاعیرانەن کە شیعریان (ژین)ی ڕازاندۆتەوە.

## لە پەندەکانی پیرەمێرد

ڕۆژنامەی (ژین) باشترین جێگای خۆی کە لەبۆکسی سەرەوەی چەپی لاپەڕەی یەکەمە، بەدرێژایی ژمارەکانی بۆ (لەپەندەکانی پیرەمێرد) تەرخانکردوە، دواتریش لەکتێبی سەربەخۆدا ئەو شاکارانە یەکخراون.

[8] ژین، ژمارەکانی/ 9، 13، 14، 17، 19، 24.
[9] ژین، ژ/21.
[10] ژین، ژ/11.
[11] ژین، ژ/13.
[12] ژین، ژ/9.

بەم کارە، یادی پیرەمێردی خاوەنی ئەسڵیی (ژیـن) بـەرزڕاگیراوە و نموونەیـەکی دەگمـەن و جـوانیش لـەو جـۆرە شـیعرە کۆمەڵایەتییانـە خراوەتە بەرچاو.

لێــرەدا بەتــەنیا لەپەنــدەکانی ئــەو شــاعیرە مەزنــە، دووانیــان دەخەینــــەوە بەرچــــاو کــــە لەیەکــــەم و دوا ژمــــارەی (ژیــــن)ی توێژینەوەکەماندا بڵاوکراونەتەوە:

خوێنــــدن تەئســــیرێ ناکاتــــە ســــەرخوو
نــەگریس بەچــاك و خــراپ ئــەڵێ: خــوو

بــێ عیــار کــە (ی)ی لاچــوو بــێ عــارە
هـــــەرجێ عیـــــاری گـــــۆڕی عـــــەییارە
زۆری وایــــش هەیــــە چــــڵکن و گــــەڕە
کەئاشــــی گــــەڕا ئەوســــا بەگــــەڕە

ژین، ژ/1

جورئـــــــەت بـــــــۆ ڕۆژێ گرفتارییـــــــە
نەتیجـــــەی فیشـــــاڵ: شـــــەرمەزارییە

گــەر تــۆ خــەریك بــی خــەڵكی بشــكێنی

تـــۆیش لەحورمـــەتی خۆتـــا نـــامێنی

ئەگـــەر لەبـــەدی دڵـــت پـــاك نـــەبێ

گلـــەیی مەكـــە كـــارت چـــاك نـــەبێ

ژین، ژ/24

## شیعری وەرگێڕاو

لەهـــەر 24 ژمارەكـــەی (ژیـــن) كـــە تۆێژینەوەكـــەمان لەســـەر ئەنجامداوە، دەبینین شیعری وەرگێـڕاو ژمارەیـان كـەمن، هـەر بەتـەنیا دوو شیعر لەژمارە (12)دا خراونە بەرچاو، ئەوانیش:

- لەچوارینەكانی بابەتایەری هەمەدانی، و: كاكەی فەللاح.
- بروسـكەیەك بـۆ كـۆنگرەی چـەك دامـاڵین/ شـیعری شـاعیری یۆگۆسلافی ماتیج بور، و: مومتاز حەیدەری.

## چیرۆك

چیرۆك یەك لەهونەرەكانی ئەدەبە و بریتییە لە گێڕانەوەی چەند ڕووداوێكی یەك لەدوای یەك، كەبەسەر چەند كەسێكی جیاوازدا دێن تێدەپەڕن لەشوێنێكی دیاریكرودا[1]. چیرۆك لەبیستەكانی سەدەی رابوردووەوە لە ئەدەبیاتی كوردیدا دەركەوتووە و بۆ سەد ساڵ دەچێ چیرۆكنووسی كورد لەئەزموونی بەردەوامیدایە لەگەڵ ئەو چەشنە ئەدەبییە گرنگەدا.

چیرۆكەكانی ژین دەچنە خانەی واقیعییەوە، چیرۆكی ئەدەبین و تایبەت بۆ رۆژنامە نووسراون، چیرۆكی ئەدەبیش (وابەستەی بیری داهێنەرانەی چیرۆكنووسەو هەرئەویش شێواز و ناوەرۆكەكەی دیاری دەكات)[2]

چیرۆكنووسەكانی (ژین) هەر هەموویان لەدنیای چیرۆك و ئەدەبیاتی گەورەدا لەحەفتاكان و دواتردا بوونە ناوی دیار.

لە (ژین)دا چاومان بەم چیرۆكانە دەكەوێت:

- سەد فلسییەك، دڵشاد مەریوانی[3]
- ژیان لەمردن، عەبدوڵلا ئاگەین[4]
- لەجەژنا، ئەكرەم قەرەداغی[5]

---

[1] هەڤاڵ ئەبوبەكر حسێن، چەشنە ئەدەبی و رۆژنامەنووسییەكان، ل/76.
[2] هەر ئەو سەرچاوەیە، ل/78.
[3] ژین، ژ/7.
[4] ژین، ژ/8.
[5] ژین، ژ/9.

- حەمەسورە گوڵ، عومەر عەبدولڕەحیم[6]
- شـــەهیدی رێـــی براکـــوژی و دەمەتـــەقێی ئاغـــا و جوتیارێـــك، ئەحمەد سەلام[7]
- جەژن، مەحمود ئەحمەد[8]
- لەگەڵ چیرۆکێکی کاکەمەم بۆتانی[9]

لەرۆژنامەکـــەدا، بایـــەخ بـــەوەرگێڕانی چـــیرۆکیش دراوە، ئـــەوەتا هەریەك لـە (رەووف حەسـەن، ئومێـد پشـدەری، ئەحمـەد سـەید عـەلی بـەرزنجی و ح.م.حەسـەن) سـەرو چـیرۆکیان کـردوە بـەکوردی، تـەنیا دووەمیـان لەفارسـییەوە چـیرۆکەکەی کـردوە بـەکوردی، دەنـا هـەر سیانەکەی تر سەرچاوەی وەرگێڕانیان زمانی عەرەبی بووە.

## پەخشان

هەرچۆن نووسین بەزمانی پەخشان و پەخشانی کوردی سـەرەتایە بـۆ نووسـینی چـیرۆکی هونـەریی لەئـەدەبی کوردیـدا، هاوکـات هـەر زمـانی پەخشـانیش بـووە کـە توانیویـە رۆژنامەگـەریی کـوردیی بخاتـە سـەر پێـی خـۆی و ژمارەیـەکی زۆر لەرۆژنامـە کوردییـەکان بـە

---

[6] ژین، ژ/11.
[7] ژین، ژ/13، 22.
[8] ژین، ژ/16.
[9] ژین، ژ/18

(ژین)یشەوە.[10] بەزمانی پەخشان چەشنە ئەدەبی و ڕۆژنامەگەرییەکانیان گەیاندوەتە خوێنەر.

له (ژین)دا بێجگه لەبەکارهێنانی زمانی پەخشان، دەبینین تەنیا چوار پەخشانی هونەریی بڵاوکراونەتەوە، ئەوانیش دووانیان کوردی و دووانیان وەرگێڕاو بۆ کوردین و بریتین لە: (نەورۆز لەرێگای خوێنا)ی شێرکۆ بێکەس و (هەڵەی شوانێك)ی عومەر عەبدولڕەحیم[1] لەگەڵ دووپەخشانی وەرگێڕاو لەلایەن (محەمەد جەلال فەیزوڵڵا) و (عەلی کەمال)ەوە.[2]

## بابەتی ئەدەبیی بۆ منداڵان

هەر لەسەر ڕێبازی (ژین)ی سەردەمی مامۆستا گۆران و پارێزەر ئەحمەد زرنگ و بۆ بەرزڕاگرتنی بەرهەمە ناوازەکانی نەجمەدین مەلا[3]، لەحەوت ژمارەی (ژین)دا چیرۆك بۆ منداڵان بڵاوکراوەتەوە

---

[10] ژین، ژمارەکانی: 4، 8، 10، 20.

[1] ژین، ژ/14، ژ/16.

[2] ژین، ژ/12، ژ/13.

[3] لەپەنجەکاندا ئەم نووسەرە چەندین چیرۆکی بۆ منداڵان لە (ژین)دا بڵاوکردۆتەوە.

وچیرۆکەکان بەشداریيەکی باش بوون لەگەشەدان بەو لایەنە گرنگەی نووسینی رۆژنامەوانی و خزمەتیش بووە بۆ منداڵی کورد کە لەو دەمەدا لەسەرچاوەکانی چیرۆك و خوێندنەوەدا بێ بەش بوون.

پێنج لەچیرۆکەکان (کوردستان موکریانی)[4] نووسیونی و دووانەکەی دیکەش ع.زەوەری و غەفور ئەحمەد نووسیویانە[5].

لەهەردوو ژمارەی (12، 18)دا دوو چیرۆکی وەرگێڕدراو لەلایەن ساجد ئاوارەو ع.زەوەری بەناوی (بەزەیی پیاهاتنەوە) و (کیسەڵ و کەروێشك) بڵاوکراونەتەوە.

لەهەر (20) ژمارەکەی توێژینەوەکەماندا بەتەنیا یەك شیعری منداڵان دەکەوێتە بەرچاومان کەئەویش (گورگ و بەرخۆلە و راوکەر)ی کاکەی فەللاحە[6]، دیارە ئەم شاعیرە خاوەنی چەندین نامیلکە و دیوانە شیعری تایبەتە بۆ منداڵان.

## هونەر

بابەتی هونەری لەمێژووی هونەری کوردیدا بەشوێن چالاکییە هونەرییەکاندا نووسراون، هەر لەکۆتایی بیستەکانەوە لە (ژیان)دا

---

[4] ژین، ژمارەکانی: 5، 6، 10، 13، 15.

[5] ژین، هەردوو ژمارەی: 7، 8.

[6] ژین، ژ/5.

بابـەتی هونـەریی سـەبارەت بەچەشـنە هونەرییـەکان خراونەتـە روو، (ژیـن)یـش، لەگـەڵ رەوتـی بەرەوپێشەوەچـوونی هونەرەجوانـەکان لەکوردستاندا بەشدارییەکی ئەو لایەنە گرنگ و هەسـتیارەی داهێنـانی هونەرمەندانی کوردی کردوە، ئەوەتا:

لـە گۆشـەی (هونـەر)دا و لەچـەند لاپەڕەیـەکی دیکـەدا بابـەتی هونەری دەخوێنینەوە.

- سـەبارەت بـە (شـانۆ) چـەند وتارێـك نووسـراون، ئـەوانیش، وتـارێکی (ئەسـوەد هەڵکـەوت)[1] کەباسـی چۆنێتی پێشـکەوتنی شـانۆ دەکات لەشاری سلێمانی دا، هەروەها وتاری ساجد ئاوارە لە ژ/6 دا[2]

- لەگەڵ (شانۆی کرێکاران لەهۆڵی کارگـەی جگـەرەی سـلێمانی)[3] کەباس لەئەزموونی درووستکردنی شانۆکەی کارگەی ناوبراو دەکات.

- سەبارەت هێنانەکایەی هونـەری فیلمسازیی عومـەر عـەلی ئـەمین لـە ژمـارە (11)دا بابـەتێکی نووسـیوە و تیایـدا پێشـنیاز دەکـات کـە ساماندارەکانی شار کۆمەك بکەن بـۆ بەرهـەمهێنانی فیلمـی سـینەمایی کوردیی.

هەر لـە (ژیـن)دا تایـەر سـاڵح سـەعید بابـەتێکی بـەناوی (هونـەری کوردی و کۆمەڵە هونەرییەکان)[4] نووسیوە.

---

[1] ژین، ژ/2.

[2] ئامانج و نیاز لەشانۆگەریدا.

[3] ژین، ژ/21.

[4] ژین، ژ/ 4.

لـەژمارە (15)شـدا دووبابـەتی سـەرنج راکـێش (بـۆ ئـەو کاتـە) دەکەونە بەرچاو، یەکـەمیان (میخائیـل ئـەنجلۆ و کـاری هونـەریی) کـە کەمال سالّح سەعید وەریگرٍاوە و دووەمیشـیان (سـۆیلەی بالآبـەرز) کـە یەکێکـە لەئەلّقـەکانی گۆشـەی (وشـەیەك)ی کرمـانج و تیایـدا رەخنـە لـەو شـیعرە فۆلکلۆرییـە دەگرێـت کـە تۆفیـق عـەلی لەگـەلّ تیپـی مۆسیقای سلێمانی دا وتویەتی. چونکە بـەبرٍوای ئـەو تێکسـتە شـیرینە دلّدارییە کە گۆرانی منداڵێك نییە لەوتەمەنەدا بیچرٍێ.

هـەروەها لـە ژمـارە (21)دا بابـەتێکی گـرنگ بـەناوی (لەبابـەت هونەری تەشکیلی کوردییەوە) بەقەلّەمی (قادر میرخان) نووسراوە.

# هەمەڕەنگ و کات بەسەربردن

## لە پێناسەی خۆشگوزەراندندا هاتووە:

(ئەو چالاکییەیە دەبێتە مایەی خۆشبەسەربردن و کەیف کردنی خەڵك و ئەمەش یەکێکە لەئامانجەکانی هۆگەلی گەیاندنی جەماوەریی)[1]

بابەتەکانی کات بەسەربردن، لە هەر رۆژنامەیەکدا واتە زیندووراگرتنی رۆژنامەکە و خزمەتکردنی خوێنەرانێتی لە (ژین)دا چەند بابەتێك دەچنە خانەی نووسینە هەمەڕەنگەکان و کاتبەسەربردنەوە، ئەوانیش:

- بۆ پێکەنین.
- ئایا ئەزانیت؟
- پێشنیازی بەجێ بۆ پێشکەوتن.
- مەتەڵ

## وەرزش

لای ئێمە، تا ئەم ساڵانەی دواى راپەڕین، شتێکی ئەو تۆمان نەبووە، بەناوی (رۆژنامەگەریی وەرزشییەوە)، بەڵام لەژمارەیەکی

[1] بەدران ئەحمەد حەبیب، فەرهەنگی زاراوەگەلی راگەیاندن، ل/ 64.

ڕۆژنامە کوردییەکاندا، هەواڵ و بابەت و وێنەی وەرشیی، بەتایبەت وێنەی چالاکییە وەرزشییە ناوخۆییەکان، جێگایان بووەتەوە.

لە (ژین)دا چەندین هەواڵ، کەتایبەتن بە جوڵانەوە و چالاکییە وەرزشییەکان خراونە بەرچاو، لەوانەش:

## دەنگوباسی وەرزشی:

هەواڵی سەردانی یانەی وەرزشی سیروان بۆ شارەکانی بابل و کوفە و یارییەکانیان لە (تۆپی سەبەتەو تۆپی پێ چ و بالە و مێز) دا لەوشارانە (ژ/12)، یاخود (هەواڵی دامەزراندنی تیپی وەرزشی هەڵبژاردەی گەل لەشاری سلێمانی دا لەیاریکەرە دێرینەکان، لەژمارە (13) دا.

## هەواڵ

دیارە بایەخدارترین بابەتی هەر ڕۆژنامەیەك هەواڵە، بەڵام لە ڕۆژنامەیەکی تایبەتمەندی ئەدەبی و ڕوناکبیریی وەك (ژین)دا هەواڵ ئەو پانتاییە داگیرناکات.

هەواڵ (هەمووشتێکە کە پێشتر نەتزانیوە)، هەروەها (پێویستە هەموو هەواڵێکی تەواویش، وەڵامی ئەگەر هەموویشی نەبێ، وەڵامی

زۆربەی پرسیارە سەرەکییەکان بداتەوە کە بریتین لە کێ، چی، کەی، لەکوێ، بۆ)[1].

(ژین) کەم تازۆر وەڵامی ئەو پرسیارانەی داوەتەوە، بەڵام لە ڕۆژنامەیەکی وەك (ژین)دا هەواڵ بێجگە لە هەواڵە ناوخۆییەکان و هەندێ هەواڵی ئەدەبی و هونەری و روناکبیری شتێکی دیکەی ئەوتۆ ناکەوێتە بەرچاو.

لەهەواڵەکاندا، چاومان بەژمارەیەکی باش لە هەواڵەکانی پارێزگاری سلێمانی دەکەوێ، بەتایبەت سەفەرەکانی: هەروەها هەواڵی دامەزراندنی ژمارەیەك لە کارمەندە پلە بەرزەکان ، یان بەرزکردنەوەی موچەیان .

لەگەڵ ئەوانەدا هەواڵی هەڵبژاردنی سەندیکا و ڕێکخراو و تیپە هونەرییەکان و هەواڵەکانی یەکێتی نوسەرانی کورد (کۆڕ و چالاکیی رۆشنبیریی)یان ، واتە هەواڵەکانی مەڵبەندنی گشتیی نووسەران لە بەغداو هەواڵ و چالاکیی لقەکانی لە شارەکانی کوردستاندا .

لێرەدا نموونەی یەك لە هەواڵەکان دەخەینە بەرچاو :

**تاوان و سزا[2]**

**لە دێی باوەخۆشی – ی سەر بە ناوچەی دەربەندیخان لەرۆژی 1966/10/23 دا تاوانبار**

---

[1] کاروان عەلی، هونەری رۆژنامە نووسیی، ل/14.

(2) ژین، ژ/ 4.

(عەبـــدوڵلاّ شـــێخ كـــەریم) بەتفـــەنگی راو حـــاجی ئەحمەدی حەمە فەرەج و حەمە كەریمی قادری كوشت و ....

لــە ئــەنجامی محاكەمــە كردنیــا دادگــای گــەورەی سلێمانی رۆژی 1970/12/31 بڕیاریـدا كـە لـە سـزای ئەو تاوانانەدا بە سێدارەدا بكرێن .

## ریكلام لە ( ژین )دا

دیـــارە رۆژنامـــەی (ژیـــن) لـــەو چـــاپكراوانە بـــووە كـــە خـــۆی بەڕێوەبردووە ، واتە لە داهاتی ریكلام و فرۆشـی رۆژنامەكە توانیویـە بەردەوامی بەخۆی بدات .

بەو پێیـەی كە (ژیـن) تاكە رۆژنامـە بـووە لـەم شـارەدا ، هەربۆیـە سـەرجەم فەرمانگـە خـاوەن ریكلامـەكان هـەر پەیوەنـدییان بـەوەوە بووە، ریكلامەكانی (ژین) بریتین لە ریكلامـی رەسمیـی فەرمانگـەكانی وەكو :

تاپۆ، دادگای سوڵح، تەنفیزی سـلێمانی، پارێزگـا، زانكـۆ، دادنـووس، ئـەوقاف، كارگـەی چـیمەنتۆی سەرچـنار، تـاپۆی پشـدەر، شـارەوانی، كارگــەی جگــەرە، كۆمەڵــە هــەرەوەزی، تــەنفیزی هەڵەبجــە، یانــەی مامۆستایان.... تاد .

بـەڵام ریكلامـە شەخسـییەكان بـۆ بانگەشـەی چـاپكراو و جێگـا بازرگانییەكانە ..

له ژماره (4) دا چاومان به ریکلامێ دەکەوێ بەناوی (هونەر .. خالید زامدار) ئەمەش دەقەکەیەتی :

## وێنەکێش و خۆشنووس (رسام و خطاط) :

ئاگادارن و ئەزانن کە هونەرمەند خالید زامدار ماوەیەکی زۆرە لەپێناوی هونەری کوردی و پلە و راژەی هونەردا کار ئەکات و ئێستاش هەر ئەو ئەرکەی لەسەرشانە .
ئەگەر ویستت .بچیتە لای ، لەبارەگای یەکێتی لاوانی دیموکراتی کوردستانە لەسەر شەقامی پیرەمێرد.

## گۆشەکانی رۆژنامەکە و نموونە گۆشەیەکی درەوشاوەی ( ژین )

ناوبەناو و بە بەردەوامی لە (ژین)دا چەند گۆشەیەك روناکییان دیوە ، ئەوانیش بریتین لە :

(لە پەندەکانی پیرەمێرد ، وشەیەك ، ژین و خوێندەوارانی ، بۆ پێکەنین ، بەشی مندالأن ، مەتەڵی ژمارە ، ئایا ئەزانیت ، دەنگوباسی ناوخۆ ، گۆشەی هونەر ، چاپکراوی نوێ ، دەنگوباسی وەرزشیی ، رێبازی ژین) ..

بەلأم ئەو گۆشەیەی کە لە رووی بەردەوامییەوە (پشکی شێر)ی بەرکەوتووە و لە رووی رۆژنامەوانیشەوە خەسڵەتی گۆشەی لەخۆگرتووە (بە لەبەرچاو نەگرتنی قەوارەی کە لە گۆڕاندا بووە) تەنیا گۆشەی (وشەیەك)ە ، کە (کرمانج) واتە (محەمەد نوری

تۆفیـــق) نووســـیویە و وەك گۆشـــەیەکی هەفتانـــە لـــەزۆر بابـــەتی هەنووکەیی و گرنگ دواوە و بە(کراوەیی) کێشەکانی خستووەتەڕوو .

هەرچـــۆن لەڕیزبەنـــدی وتارەکانـــدا ئامـــاژە بـــە(وشـــەیەك)ی (کرمانج)کراوە ، دەبینین گۆشەنووس سەبارەت هەریەك لـەم بورانـەدا بـــەزمانێکی ئاشـــنا دواوە : کۆمەڵایـــەتی ، رونـــاکبیری ، ئـــەدەبیی ، ئابووری و رەخنە.

## بەهرە ئەدەبییەکانی ئەو دەمەو ( ژین )

(ژیـن و خوێنـدەوارانی) ناونیشـانی ئـەو گۆشـەیە بـووە کـە تیایـدا وەڵامی ئەو نووسەر و شاعیرانە دراوەتەوە کە بابـەتیان بـۆ رۆژنامەکـە ناردووە .

نـاوی وایـان تیادایـە کـەپاش سـاڵانێ بوونـە نـاوی دیـار و خـاوەن چاپکراوی دیار لە کتێبخانەی کوردیدا ..

لێـرەدا سـەرنج دەدەیـن ئەگـەر بابەتەکانیشـیان بـۆ بلاْوکردنـەوە نەشیاوبووبن، بەزمانی گوڵ قسەیان لەگەڵدا کراوە و هانیان دراوە ..

## بۆ نموونە :

- كـاك م. كـاردۆخی : هەڵبەسـتە گەرمەكـەت گەیشـت ، بـەلاّم لەبەرئەوەی لە كێشی ژینا نییە ، بمانبەخشە[1].

- كـاك ئەحمـەد شـوكری : وەكـو بیسـتوومانە ئـەم هەڵبەسـتە جارێكی تر بلاّوكراوەتەوە ، بمانبەخشە[2].

- كاك سۆران مەحوی : یادگارەكەت دەگمەنـە ، بـەلاّم دارِشـتنەكەی كاریگەر نییە[3].

- كاك نـوری سـەعید قـادر: وتارەكـەت جوانـە ، بـەلاّم ژیـن مـاوەی بلاّوكردنەوەی زنجیرەی دووورودرێژی نییە[4].

- بۆ كـاك رەفیـق سـابیر / كۆلێـژی ئـاداب : رەخنەكـەت بابەتییـە و فراوانە ، بەلاّم ژین بۆ ژیان و بوژانەوەیە[5].

- بـۆ مـەلا عەبدولعـەزیز (هەڵەبجـە): لەبەرئـەوەی كـە دەرگاكـە داخراوە .. بمانبەخشە[6].

- بۆ ئەنوەر قادر : بایەخ بە مەرجی هونەریی بدە لە چیرۆكدا[7].

## بەشداریی نووسین لەدەرەوەی سلێمانی – یەوە

---

(1) ژین ، ژ/2.

(2) هەر ئەو سەرچاوەیە و ئەو ژمارەیە .

(3) ژین ، ژ/15.

(4) هەمان ژمارەی ژین .

(5) ژین ، ژ/18.

(6) ژین ، ژ/22.

(7) ژین ، ژ/19.

وێـڕای ئـەو ژمـارە زۆرەی لـە نووسـەرانی سـلێمانی کـە بەشـداریی (ژین)یان کردووە.

ژمارەیـــەك نووســـەر و شـــاعیری تـــر لـــە ناوچـــەی جیاجیاکـــانی کوردستان و عێراقەوە پەیوەندییان لەگەڵ ڕۆژنامەکەدا پتەو بووە .

**لەوانە:**

- چوار مامۆستای زمانی کوردی لە (بەسرە)ەوە .

- محەمـەد حەمـە بـاقی لـە (بەغـدا)وە، لـە زینـدانـەوە بابـەتی بـۆ ناردووە[1] .

---

[1] ئەو زانیارییە بەڕێزی بە تەلەفۆن ڕۆژی 2008/4/23 دا پێی وتین .

- عـــەزیز گــەردی و پەشـــێو و حەمـــە كـــەریم هـــەورامی لـــە (هەولێر)ەوە .

- عەبدولڕەحمان مزوری لە (دهۆك)ەوە .

- عوسمان هەورامی لە (تەوێڵە)وە .

- محەمەد حسێن بەرزنجی (ع.ح.ب) لە (دەربەندیخان)ەوە .

## ئە نجام

دوای توێژینـەوە لەهـەر 24 ژمارەكـەی (ژیـن) لـە سـاڵی یەكـەمی تەمەنیدا ، گەیشتووینە ئەو ئەنجامەی كەوا (ژین) لـەدایكبووی كـات و سەردەمی خۆی بووە ، چونكە :

1- ساڵی حەفتای سەدەی رابردوو رەوشێکی نوێ بۆ بزوتنەوەی رزگاریخوازی کورد بەگشتی و ئەدەبیاتی کوردی بەتایبەتی هاتووەتە دی.

2- سەلیقەی هەردوو بەڕێز خاوەنی رۆژنامەکە (کاکەی فەللاح) و سەرنووسەر (عەبدولقادر بەرزنجی) رێگربوون لەبەردەم بلاوکردنەوەی بابەتی ئەدەبیی سیاسی و عاتیفی کە لەو رۆژگارەدا باوی بووە .

3= هەردوو بەڕێز لەو سەرەتایەی (ژین) دا کەمتر بەرهەمی خۆیان بلاوکردوەتەوە و زیاتر بایەخیان بە بەرهەمی ئەدیب و نووسەرانی کورد داوە .

4- بەرهەمی نووسەر و ئەدیبە ناسراوەکانی کورد و لاوە بەهرەمەندەکان شوێنی شایانی خۆیان لە (ژین)دا بەباشیو رەوایی کردوەتەوە .

5- رۆژنامەکە بێ لایەنیی خۆی پاراستووە و کەم تا زۆر هەستی پێ ناکرێ ئایدۆلۆژیا و لایەنێکی سیاسیی لە پشت دەرچوونیەوە بێت .

6- وەك رۆژنامەیەکی تایبەتمەند بایەخی زۆری داوە بە چەشنە ئەدەبییەکان ، لەوانیشدا وتار و لێکۆڵینەوە و زیاتر پانتایی لاپەڕەکانی گرتووەتەوە و لەوانیشدا بایەخ بە لێکۆڵینەوەی مێژووی ئەدەب و زمانەوانی و رەخنە دراوە .

7- رۆژنامەکە کەمتر بەلای وەرگێڕاندا چووە ، کەبۆ ئەو کاتە ناسینی ئەدەبیاتی بێگانە کارێکی پێویست بووە .

8- لە ئەرشیفی نووسینی ئەدەبیاتی کوردییەوە ، چەند بابەت و شیعرێکی گرنگی خستووەتەوە بەرچاو ، تا نەوەی نوێ شارەزابن لە بەرهەمی قەڵەمی هەڵکەوتووی کەسانی وەك (م.رەفیق حیلمی و م.گۆران و بێکەس و شێخ نوری و .. تاد).

9- چاپ و دیزاین و پرۆسە هونەرییەکان سەرەتایین ، هەر ئەوەش لە توانای چاپ و چاپخانەی ئەو دەمەی (ژین)دا بووە .

دەهێنێ (ژین)زیاتری لەسەر بنووسرێ و توێژەری ئەم لێکۆڵینەوەیە بە نیازە درێژە بە کارەکانی بدات و بۆ داهاتوو سەرجەم ژمارەکانی (ژین) بخاتە ژێر باس و لێکۆڵینەوەوە، بەوەش خزمەتێك بە مێژووی رۆژنامەگەریی کوردیی پێشکەش بکات .

# پاشکۆکان

پاشکۆی ژماره ( 1 )
ژمارەکانی ( ژین ) کە توێژینەوەیان لەسەر ئە نجامدراوە ........
97

پاشکۆی ژماره ( 2 )
گفتوگۆی چوار بەڕێز لەوانەی ئاگاداری دەرچوونی ( ژین ) بوون ..
99

پاشکۆی ژماره ( 3 )
وێنەی لۆگۆ و نموونەی لاپەڕەکانی ( ژین ) .....................
116

# پاشکۆی ( 1 )

| ژمارە | مێژووی دەرچوون | ڕۆژی دەرچوون | ژمارەی لاپەڕە |
|---|---|---|---|
| 1 | 1970/12/10 | 5 شەممە | 8 |
| 2 | 1970/12/17 | 5 شەممە | 8 |
| 3 | 1970/12/24 | 5 شەممە | 8 |
| 4 | 1970/12/31 | 5 شەممە | 8 |
| 5 | 1971/1/7 | 5 شەممە | 8 |
| 6 | 1971/1/14 | 5 شەممە | 8 |
| 7 | 1971/1/21 | 5 شەممە | 8 |
| 8 | 1971/1/28 | 5 شەممە | 8 |
| 9 | 1971/2/11 | 5 شەممە | 8 |
| 10 | 1971/2/18 | 5 شەممە | 8 |
| 11 | 1971/2/25 | 5 شەممە | 8 |
| 12 | 1971/3/4 | 5 شەممە | 8 |
| 13 | 1971/3/11 | 5 شەممە | 8 |
| 14 | 1971/3/18 | 5 شەممە | 8 |
| 15 | 1971/3/25 | 5 شەممە | 8 |

| | | | |
|---|---|---|---|
| 8 | 5 شەممە | 1971/4/1 | 16 |
| 8 | 4شەممە | 1971/4/7 | 17 |
| 8 | 5 شەممە | 1971/4/15 | 18 |
| 8 | 5 شەممە | 1971/4/22 | 19 |
| 8 | 5 شەممە | 1970/4/29 | 20 |
| 8 | 5 شەممە | 1971/5/6 | 21 |
| 8 | 5 شەممە | 1971/5/13 | 22 |
| 8 | 5 شەممە | 1971/5/20 | 23 |
| 8 | 5 شەممە | 1971/5/27 | 24 |

# پاشكۆی ( 2 )

چوار بەڕێز، سێ ئـەدیب و نووسـەری كـورد و یـەكێك لەكارمەنـدە دێرینەكانی چاپخانە و راپەڕێنەری ژین، ئەوانیش:

أ- شاعیر: شێركۆ بێكەس

ب- نووسەرو رۆژنامەنووس: محەمەد نوری تۆفیق

ت- توێژەر و وەرگێڕ: محەمەدی حەمە باقی

پ- بەڕێز لەتیف شێخ عارف قەرەداغی

وەڵامـی پرسـیارەكانی ئـەم توێژینەوەیـەیان دەربـارەی (ژیـن) بەمجۆرە دایەوە[1]:

---

(1) - دیداری شێركۆ بێكەس-ی شاعیر رۆژی 2008/3/11 ئەنجامدرا

- دیداری محەمەد نوری تۆفیق-ی نووسەر و رۆژنامەنووس رۆژی 2008/4/11 ئەنجامدرا

- نامەیەكی محەمەدی حەمە باقی لە ناوەڕاستی مانگی مایسی 2008 دا

- دیداری بەڕێز لەتیف شێخ عارف قەرەداغی رۆژی 2008/5/3 ئەنجامدرا

# شاعیر شێرکۆ بێکەس

- ڕەوشی ئەدەبیی ئەو سەردەمەی (ژین)ی تیایدا دەرکرا چۆن چۆنی هەڵدەسەنگێنن؟

**بەلای منەوە ئەدەب و هونەری کوردیی بەگشتی لەشەستەکانی سەدەی رابووروودا لاواز و کەم خوێن و جووڵەبوو، یان بەجۆرێکی تر سالآنی بێ بارانی داهێنان و ئەفراندن بوو. کتێب و گۆڤار و رۆژنامە، لەجێی نەبووان بوون. لەکۆتایی شەستەکاندا وەختێ کۆمەڵی هونەر و وێژەی کوردی لەسلێمانی دامەزرا تارادەیەك لەبواری (هونەر وشانۆدا) بەخشینێکی هەبوو. رۆژنامەی ژین لەسەردەمی پیرەمێرد، وە تا ئەحمەد زرنگ پەنجەرەیەك بوو، بەلآم ئەو پەنجەرەیەش نەمابوو. شاعیرانی دوای جیلی دیلان وەك کامەران و کاکەی فەللاح بەپەنجەرەی دەست ئەژمێردران. دیارە هۆو هۆکاری زۆر هەبوون بۆ ئەو سیا سالآنەی شەستەکان کە دیارە نەبوونی رۆژنامە یان گۆڤارێکی ئەدەبیی یان رێکخراوێکی چالاك لەپێشەوەی ئەو**

هۆیانــەبوون. هەڵبــەت بــارودۆخی سیاســی ئەوکاتــەی کوردســتان بەتایبەتی دوای حوکمی کـەریم قاسـم لـەژێر رکێفـی بـیری شـۆڤێنی و عـەرەب چـێتیدابوو. دەنگـی زاڵـی ئـەو رۆژگارانـە دەنگـی سیاسـەت و شۆڕشــی ئــەیلول و هاتنەکایــەی مرۆڤــی پێشــمەرگەبوو. دەنگــی موفاوەزات و شەڕ و ئاشتی نێوان شۆڕش و حکومـەت بـوو. لەراسـتیدا نوختەی وەرچەرخانی گەورە لەدوای رێککەوتنی حکومـەت و شۆڕشـی ئەیلولــەوە ســەری هەڵــدا. بەیاننامــەی 11ی ئــاداری 1970، بــۆ ئەوکاتـە، بـۆ زمـان و ئـەدەب و هونـەری کـوردیی دەرگایـەکی تـازەی کـردەوە و گۆمـە مەندەکـەی شەسـتەکانی شـڵەقاند. ژمـارەی گۆڤـار و رۆژنامــە حکومیــەکان زۆربــوون، گۆڤــاری نووســەری کــورد و چـالاکیەکانی و هـەروەها هاتنەکایـەی بزووتنـەوەی روانگـە و ئـەدەبی لاوان و کۆڕەکانیان لە بەغدا و سلەیمانی و دواتر هـەولێر بوونـە هـۆی ئەوەی خوێنێکی تازە بکەنەوە جەستەی سستی ئەدەبی ئێمـە. یـەکێك لــە خولیــای خوالێخۆشــبوو کاکــەی فــەللاح ، لــەو ســەرودەمەدا، دەرکردنـەوەی رۆژنامـەی ژیـن بـوو، (ژیـن)ێ کـە تـەنها بـۆ ئـەدەب و زمانی کوردی بێ. دیارە پێشتریش داوای مۆڵەتی لە حکومـەت کردبـوو بەڵام رێگەیان نەدابوو. کاکەی فەللاح سەری زمـان و بنـی زمـانی هـەر شـیعر و ئـەدەب و زمـانی کـوردی بـوو. هـیچ باسـێکی نـەبوو ئـەدەب و جوانیی شیعر نەبێ، هەمیشە شیعرە جوانەکانی مـەحوی و پیرەمێـرد و گــۆران و هــەردی ئەوتــەوە. مــن و جــەمال شــارباژێڕی زۆرجــار ئەچـووین بـۆلای و گوێمـان بـۆ ئـەگرت. لەراسـتیدا بـۆ یەکـەمجاریش

ئێمە لەووەوە فێری بەکارهێنانی وەزنی برِگەیی شیعری کوردی بووین. بەلای منەوە دەرکردنەوەی رۆژنامەی (ژین) لەوکاتەدا لەداگیرساندنەوەی چرایەك ئەچوو بۆ زمان و ئەدەبی ئێمە. یان لەبەردانی ئاوێکی گیراو ئەچوو کە سەرلەنوێ برِژێتەوە ناو ئەستێرکەکانی شیعر و ئەدەبیی کوردی. گرنگ ئەو سەردەمەیە کە رۆژنامەی (ژین)ی تیادەرچووە، واتە لەوەختێکدا کە تینوێتی خەریکبوو پرژەی لێئەبرِین و خواخوامان بوو شتێکی تازەمان هەبێت. نرخی ئەمجۆرە دەست پێشکەریانە لەسیاقی مێژووییدا دەرئەکەوێت، واتە بەهای هەر رۆژنامە و گۆڤارێ پەیوەستە بەو زەمانەوە کەتیایدا دەرچووە. نەك بەبەراوردی ئێستا و ئەوساوە.

- تێرِوانینت بۆ ئەو پیاوە خزمەتگوزارە، کە کاکەی فەللاحی ئەدیب و رۆژنامەنووسە، چۆنە؟

کاکەی فەللاح لەرۆژگاری خۆیدا لەزێوانێکی دڵسۆزی ئەدەبی کوردی ئەچوو. ئەو بۆ شیعر و ئەدەب ئەژیا. رۆژێ لەرۆژان باسێکی سیاسی و حزبی و ئایدۆلۆژیم لێنەبیست. چاپکردنی زنجیرەی کتیبەکانی و نووسینی شیعر بۆ منداڵان و هەروەها سروودەکانی نیشانەی ئەو خەمخۆری و دڵسۆزییەی بوون. کاکەی فەللاح کوردییەکی جوانی ئەنووسی. بەچاپخانە کۆنەکەی کە هەر ئەبوو دەستێکی پێوەی بێ (ژین)ی دەرکردەوە. لەبەیانییەوە تا ئێوارەیەکی درەنگ هەر لەچاپخانەکەی بوو. لەرِێی (ژین)ی کاکەی فەللاحەوە

**کۆمەڵێ قەڵەم کەوەختێك بوو بێدەنگ بووبوون. کەوتنەوە جووڵە. لەڕێی وروژاندنی کۆمەڵێ پرسی گرنگەوە گوڕوتینێکی دا بە (رەخنەی کوردی) کە رەخنەی کوردی لەجێی نەبووان بوو. کاکەی فەللاح لەگەڵ رەوتی تازەی شیعری کوردیدا بوو. هانی شاعیرە لاوەکانی ئەداو هەمیشەیش بۆ مەسەلەی تازەکارکردنەوە و نوێکاری (گۆران)ی بەنموونە ئەهێنایەوە. دیارە هەر ئەو ئازادییە نیسبیەی کەدوای 11 ی ئادار هاتە کایەوە بووە هۆی ئەوەی (ژین)یش پەنجەرەکانی جوانتر و رووناکتربن.**

- ژین- ی کاکەی فەللاح چ ئیزافەیەکی کردە سەر ئەدەب و رۆژنامەوانیی کوردی؟

**من لەبیرمە بەرلەوەی (کاکەی فەللاح) لەنزیکەوە بناسم. لەپەنجاکانی سەدەی رابوردوودا و لەکاتێکدا کە عومەر عەلی موتەسەریفی سلێمانی بوو، وێنەی ئەو وەك شیوعیەکی ئاژاوەگێڕ بۆ دەستگیرکردنی لەلایەن حکومەتەوە بەدیوارەکانی شاردا هەڵواسرابوون. لەراستیدا ئەمە بۆ ئێمەی هەرزەکاری ئەوکاتە راچڵەکینێ بوو، بۆیە لەدڵەوە کاکەی فەللاحمان خۆشئەویست، چونکە حکومەت دوژمنی بوو. کەوەختێکیش خۆیمان لەنزیکەوە ناسی، لەوە ئەچوو کە بەتەواوی سیاسەتی تەڵاق دابێ و بەئێجگاری خۆی بۆ شیعر و ئەدەبی کوردی تەرخان کردبێ و هەروایش بوو. لەوکاتانەدا کەکتێبخانەی پیرەمێردی لەسەر شەقامی کاوە هەبوو.**

من و جەمال شارباژێڕی زوو زوو ئەچووین بۆلای. پیاوێکی سادەبوو. قسە خۆش بوو. بایەخی بەجل و پۆشاکی بەری نەئەدا. کەشیعرێکی جوانی ئەخوێندەوە هەرئەوە نەبوو سەمای لەگەڵدا نەکات. بەتایبەتی شیعری (دەروێش عەبدوللا ) و (بۆ هیوا)ی گۆران، یان شیعرەکانی مەحوی و پیرەمێرد. هەروەها شیعری هەردی خۆش ئەویست. لە جیلی ئێمەشدا ئەوکاتە دیاربوو کە شیعرەکانی جەمال شارباژێڕی زیاتر سەرنجی رائەکێشا. بایەخێکی تایبەتی بەشیعری منداڵان ئەدا. لەسیاقی مێژوویی خۆیدا کاکەی فەللاح (پیرەمێرد)ێکی تری ئێمەبوو، بەراستی تا ئێستا نرخی راستەقینەی خۆی نەدراوەتێ. کاکەی فەللاح منداڵەکانیشی هەر بەرۆحی خۆشەویستی شیعر و ئەدەب و هونەر گۆش ئەکرد. یەکێك بوو لەوانەی یاری شەترەنجی ئەکردو و باشیشی لێئەزانی، ئەو وەختەی گۆران لەسەرجێی نەخۆشی لەماڵی هۆگری کوڕی کەوتبوو. کاکەی فەللاح و جەمال شارباژێڕی و من بەیەکەوە چووین بۆلای مامۆستا شێخ محەمەدی مەحوی-شی لەلابوو، هەر لەودانیشتنەشدا بوو وتی: ئاگاتان لەم شۆڕشەبێت (مەبەستی شۆڕشی ئەیلول)بوو. هەروەها وتی ئەو وەختەی لەمۆسکۆ بووم هەندێ تەلەبەی کورد و عەرەبیان کردبوو بەجاسوس بەسەرمەوە!.

## نووسەر محەمەد نوری تۆفیق

- (ژین) وەك رۆژنامەیەكی ئەدەبیی (تایبەتمەند) چ ئیزافەیـەكی بـووە لەسەر ناوەندە ئەدەبییەكە و جوڵانەوەی ئەدەبیی لەكوردستاندا؟

**دیاره ئێوه مەبەستتان لەهەفتەنامەی (ژین)ە کە لەساڵەکانی 1968 – 1969[1] دەرچووە کە خاوەنەکەی خوالێخۆشبوو شاعیر و نووسەر (کاکەی فەللاح – محەمەد حەمەئەمین قادر) و خوالێخۆشبوو عەقیدی خانەنشین (عەبدولقادر بەرزنجی) سەرنووسەری بوو.**

**ئەو هەفتەنامەیە لەو رۆژگارەدا کەجگە لەهەفتەنامەی هاوکاری لەبەغدا و گۆڤاری رزگاری لەسلێمانی**

**دەرئەچوون، رۆڵێکی گەورە و گرانی لەپێشخستنی ئەدەبی کوردیدا دیوە، بەوپێیەی لەورۆژگارەدا هەفتەنامەی ژین ئەیبینی، کە رۆژی دەرچوونی هەفتەنامەکە، لەم شاری سلێمانیەدا لەپاش نیوەڕۆدا تەنیا دانەیەك لەکتێبخانەکاندا نەئەمایەوە، خوێنەران بەوپەڕی دڵخۆشیەوە ئەیانخوێندەوە، بۆیە ژمارەیەکی بەرچاو لەشاعیران و نووسەران لەو هەفتەنامەیەدا بەشداری و هاوکارییان ئەکرد.. بەبێ ئەوەی کەسێکیان چاوەڕێی پاداشتیان کردبێت، بەڵکو هەموو ئەو کەسانە پێیان خۆشبوو کە یارمەتی و هاوکاریی لەژیندا بکەن، تەنانەت ئەگەر پارەشیان بدایە..**

- بەشداریتان لە (ژین)دا چۆن بوو، وەك گۆشەنووس؟

---

[1] راستکردنەوەیەك: مامۆستا محەمەد نوری فەرمویەتی: لەساڵەکانی 1968 – 1969 (چین) دەرچووە، راستیەکەی ساڵانی (1970 – 1974)ە.

مـن پـێش دەرچـوونی (ژیـن) خوالێخۆشـبوو (کاکـەی فـەللاح)م لـەدوورەوە ئەناسـی و شـیعرەکانیم ئەخوێنـدەوە، بـەڵام دوای ئـەوەی کەداوای دەرچوونی (ژین)ی کرد، کەلەوکاتەدا لەیـەکێك لەدوکانـەکانی بـازاڕی عەسـری کەبەسـەر شـەقامی کـاوەدا ئـەیڕوانی کتێبخانـەی پیرەمێـردی دانـا و نووسـەران و رووناکبیرانی ئـەو رۆژگـارە روویـان لەکتێبخانەکـەی ئـەکرد و منـیش جاروبـار سـەردانیم ئـەکرد و یـەکتریمان ناسـی.. پـێش ئـەوەی کـەئیجازەی دەرچـوونی ژیـن وەربگرێـت، ئێوارەیـەك پێکـەوە دانیشـتبووین پـێ ی گـوتم کـەرێی پێدراوە کە ژین دەربکات و حەز ئەکات کـەمنیش بەنووسین هاوکاری تێدابکـەم.. منـیش داوامکـرد کـە گۆشـەیەکی هەفتانـەم بـداتێ، کەبەئارەزووی خۆم تیایدا بنووسم ئەویش گوتی (خـۆت ئازادبـە چی ئەنووسیت و من دەستکاریی ناکەم)، بەراستی هەرواشبوو، کـە هـەموو هەفتەیـەك نووسینی گۆشـەکەم ئەدایـە، کـە بـەناوی (وشـەیەك) بـوو، وەك خۆی بەبێ دەستکاری بڵاوئەکرایـەوە.. مـن ئەوگۆشـەیەم بـەناوی (کرمانج)ەوە ئەنووسی کەناوی کوڕە گەورەکەمـە، کاکـەی فـەللاح ئـەو ناوەی پاراستبوو، زۆرجار داوای لێکرابـوو کـە ئەوکەسـە بناسـن، بـەڵام نـزیکترین کەسـانی ناسـیاوم ئـەوەیان نەئـەزانی.. هـەربۆ نموونـە.. مامۆسـتا (زاهـیر سـەوز) کـە ئێسـتا لـەدەرەوەی وڵاتـە، لەوسـالانەدا لەقوتابخانـەی چـوارباخ پێکـەوەبووین مـن بەرێوەبـەر و ئـەویش مامۆستا بوو، زۆرجار ئەهاتە لام و ئەیپرسی کـە ئایـا ئـەو (کرمـانج)ە ناناسـیت ئەوگۆشـەیە لەژینـدا ئەنووسـێ؟ منـیش ئـەمگووت نایناسـم،

**بەڵام بۆچی لەکاکەی فەللاح ناپرسیت؟ ئەیگووت چەند جار من و کەسانی تریش لێمان پرسیوە، ناوەکەی نەگوتووە.. دیارە ئەمەش یەکێکە لەو سیفەتانەی رۆژنامەنووسی سەرکەوتوو..کە بەداخەوە رەنگە لەئێستادا ئەو سیفەتە لای هەندێ کەس ئەمەندە گرنگ نەبێ.. بائەوەش بڵێم کەزیاتر لە (30) ژمارە ئەو گۆشەیەم هەربەخۆبەخش نووسی بۆ هەفتەنامەی ژین.**

- رای بەڕێزتان بەرامبەر کاکەی فەللاح چییە؟

**کاکەی فەللاح کەیەکیکبووە لەسەرکردە فەلاحییەکانی ئەوسالآنەی حیزبی شیوعی عیراقی و لەوپێناوەشدا تووشی گرتن و دوورخستنەوە بووە، لەدواییدا وازی لەو حیزبە هێناو وەك کەسێکی سەربەخۆکاری ئەکرد لەبوارەکانی ئەدەبو شیعری منداڵان و شیعری کوردی و نووسینی ئەدەبیی بلاوئەکردەوە، چەندکتێبێکی شیعری هەیە، پیاوێکی سەرقاڵبوو بەکاروئیشی ئەدەبی خۆیەوە، کەمتر تێکەڵی خەڵکی ئەبوو، پیاوێکی قسەخۆشبوو، سەرقاڵی کتێبخانە و رۆژنامەکەی بوو، قەلەمێکی باشی هەبوو، زمانەکانی عەرەبی و کوردی و فارسی ئەزانی. لەم دواییەدا زۆرحەزی بەمەسائلە سیاسیەکان نەئەکرد، هەرچەند سەرکەوتنی گەلەکەی زۆر پێخۆشبوو.. هاورێ و برادەری شاعیر و نووسەرەکانی سەردەمی خۆی بوو.. لەم دواییەشدا کەچاپخانەیەکی بەقەرز و قۆڵە کرِیبوو زیاتر سەرقاڵی ئیش و کاری چاپخانەکەی بوو. بۆ چاپکردنی کتێب و**

کۆمەڵـە شـیعرەکانی خـۆی و هەنـدێ ئـیش و کـاری بازرگـانی لـەو سەردەمانەدا.

## توێژەرو وەرگێر: محەمەدی حەمە باقی

★بیرەوەری و بەشداریتان لە رۆژنامەی (ژین ) دا چۆنە؟

- دوایین خولی رۆژنامەی (ژیـن )، کـە لەلایـەن مامۆسـتای شـاعیر و نووســەر (کاکــەی فــەللاح )ە وە بلاْوکرایــەوە، مــن لــە زینــدانی (بەعقوبـە) بـووم، دەمێکـی چـەند مانگـەش بـوو، بـە پـەرۆش و بـێ ئارامییـەوە چـاوەنوارِی ئـەوە بـووم لەلایـەن (لیژنـەی ئاشـتی) یـەوە ئـازاد بکـرێم، کـە ئـەم لیژنەیـە دوای رێکەوتننامـەی (11ی ئـازاری 1970)، بۆ راپەڕاندنی هەندێ کاری رێکەوتننامەکە و لـە تەکیشـیدا ئازادکردنی زینـدانییانی سیاسـی کـورد ، لـە ئەنـدامانی (وەك بـە بـیرم مــابێ ) : نــوری شــاوەیس، نــەعیم حــەدداد، مورتــەزا ســەعید عەبدولباقی و... یەوە پێکهێنرا بوو.

یەکـەمین ژمـارەی رۆژنامـەی ژیـن، کەلـە (1970/12/10 ز) دا دەرچوو بوو، لەلایەن کەسوکارمەوە پێم گەیشت، کە لـە کـاتی دیـدەنی مانگانەی زیندانییاندا سەردانیان کردم.

دیـتن و خوێندنـەوەی رۆژنامـەی ژیـن، هـەر زوو سـەرنجمی بـەلای خۆیـدا راکێشـاو وەك دەرەتـانێکم بـۆ بلاْوکردنـەوەی ئـەو کۆمەڵـە نووسینە تێکەڵەی لە شـیعر و پەخشانەمدا بـۆ هەڵکـەوتێ، کـە پێشتر

لە ماوەی ئەو چەند ساڵەی مانەوەمدا لـە ژیـانی تـەنیایی و ئاوارەییـدا لـە زینـدانـەکانی: سـلێمانی، کـەرکووك، حللـە، رومـادی و بەعقووبـەدا نووسیبوومن و لەگەڵ خۆمدا دەمگێڕان، ئاهێکی خۆشییم پێدا گـەڕاو بـۆ دیـدەنی داهـاتوو، کـە دیسـان کەسـوکار بـۆ سـەردانم دەهاتنـەوە، وتارێکم لە بارەی کۆمەڵە چیرۆکی (خـۆری ئـاوا بـوو)ی دکتـۆر کـاوس قـەفتان- ـەوە ئامـادە کـرد و لـە تەکیشـیدا نامەیـەکی پیرۆزبـایی و دەستخۆشانەشم بـۆ مامۆسـتام "کاکـەی فـەللاح" نـارد و وتارەکـەی لـە ژمـارەی (4)ی رۆژنامەکـەدا بلاّوکردبـوەوەو نامەیـەکی خۆیشـیانی بـە کەسـوکارمدا بـۆم نـاردبوو... نامەکـەیم تـا درەنگـانێکیش پاراسـتبوو، بـەلاّم دواتـر و بـە سـۆنگەی ئـەو هـەموو جێگـەگۆرکێ و راکـەڕاك و رۆژگارە پڕلە کارەسـاتە چـەتوونانەوە، وەك سـەدان و هـەزاران نامـە و بەڵگەنامەی تر، نازانم لە کوێ و چۆن سەری تێدا چووا.

بەلاّم بلاّوبوونـەوەی ئـەو وتـارەم لـە رۆژنامـەی (ژیـن)دا، بـە نـاوی راستەوخۆی خۆمەوە، بۆ ئەو رۆژگارە و بـۆ ئـەو تەمەنـەم، وەك ئـەوە وابوو لەلایەن (لیژنەی ئاشتی) یەوە ، مزگینی ئەوەم بـدرێتێ کـە بـەم زووانە ئازاد دەکرێی ! چونکە ئەگەر چی پێشتر و بـە تایبـەتیش لـە کۆتایی ساڵی (1967 ز)دا، کاتێ لەگـەڵ هاورێی نووسـەر (فەلەکەدین کاکەیی)دا ، لە زیندانی کەرکووك پێکەوە بووین و رۆژنامـەی (برایـی) ی لـەو کاتـەدا لـە بەغـداد دەردەچـوو، هەنـدێ نووسـینم بـە نـاوی خواسـتراوەوە لـە رێگـەی کـاك (فەلـەك) وە بـۆ رۆژنامـەی نـاوبراو دەنـاردن و بلاّودەکرانـەوە. بـەلاّم (ژیـن) جێگـە و رێزێکـی تـری لام

هەبوو. نازانم بۆ ! تۆ بڵێی هی ئەمەبوو بێ کە ڕۆژنامەکە سەرومڕ ئەدەبیی بووبێ و نزیکایەتی ڕاستەوخۆی لەگەڵ ڕۆحی سەرومڕ ئەدەبیی مندا هەبووبێ!؟ یان بە تەنگەوە هاتن و باوەشی ماموستایانەی (کاکەی فەللاح)، بۆ پێشوازیی و ڕێنوێنی لە لاوێکی وەك ئەوسای من کە پێشتر کاکەی فەللاح لە نزیکەوە نەیدیوە و نایناسێ و نووسینی بلاوکراوەیشی لێ نەدیوە ! ئەمانە هەمووی خۆشەویستی و ڕێزی کاکەی فەللاح و ڕۆژنامەی (ژین) یش کە ( ناوەکەی) یادگاری شاعیر و نووسەر، ڕووناکبیرێکی گەورەی وەك (پیرەمێرد)ی لەلا خۆشەویستر دەکردم و ئیتر پەیوەندیم لەگەڵ ڕۆژنامەی (ژین)، لەدوای ئازادبوونیشم لەگەڵ خاوەنەکەیدا (کاکەی فەللاح ) هەر بەردەوام و پتەوتر بووە، جگە لەوەی زۆریش بە تەنگ ئەمەوە بوو بەرهەمەکانم بە بێ دواکەوتن و بێ دەستکاریی و وەکو خۆی بلاوبکرێنەوە... نازانم ئەم نوارینە تایبەتە هۆی ئەمە بوو کە بەرهەمەکانم سەر لەبەر ئەدەبیی بوون ! یان بە هۆی ئەوەوە بوو ،کە ماموستا کاکەی فەللاح خۆیشی ڕۆژگارێك زیندانیی بووە و دەیزانی نووسین و بەرهەمی ناو زیندان، لە چاو بەرهەمی دەرەوەی زیندانندا جۆرە قووڵبوونەوەیەکی ئارام و بەخۆداچوونەوەیەکی هێمنی تێدایە و خۆی لە دەربڕینی ڕاگوزارییانە و کاڵ و وتراو دەپارێزێ.

⭑ئاستی (ژین ) لە کاروانی رۆژنامەگەری کوردیدا چۆن هەڵدە سەنگێنن؟

-هەڵبەتە ئەو سەردەمەی مامۆستا کاکەی فەللاح بیری لە دەرکردنی ئەم رۆژنامە شیرینە کردەوە، بەر لەو، لە جێگەی تر، بە تایبەتی لە بەغداد و دواتریش لە سلێمانی و شارەکانی تری کوردستانی باشوور، رۆژنامە و گۆڤاری تر، دەستیان بە دەرچوون کردبوو و هەریەکەش لەو رۆژنامە و گۆڤارانە، وەك خەرمانەی مانگ، خوێنەرانی خۆیانیان لە دەوری خۆیان گردکردبووەوە، بەلاّم زۆر لەو گۆڤارو رۆژنامانەی تر، تەمی حیزبایەتی و سیاسەت و پەیامی تریان بە سەرەوە بوو. لەبەر ئەوەیە کاتێ دەمانەوێ لەو رۆژگارانەدا، ئەو رۆژنامە کوردییانە، بەسەربکەینەوە کە نووسەرانی تایبەتیان لێ ئالاّوە و بە پشوویەکی ئەدەبییەوە بایەخی سەرەکییان بە زمان و ئەدەب و فۆلکلۆری کوردی داوە ، دەبێ یەکسەر بیرمان بۆ ئەوە بچێ، کە رۆژنامەی (ژین) لەم بوارەدا ئیسگەیەکی دیار و درەوشاوەیە و پانتاییەکی رەنگینی لە جوگرافیای رۆژنامەوانیی کوردیدا، بە خۆیەوە خەریك کردووە و وەك نەریتی هەموو رۆژنامە و گۆڤارێکیش، چەندان قەڵەمی تازە پێگەیشتووی بەدیارخستووە، کە ئەگەر بەندە لەو رۆژگارەدا شەرەفی ئەوەم پێبڕابێ، تێکەڵ کاروانی قەڵەمەکانی ( ژین) بووبم، ئەوا هەمیشە و هەمیشە شانازیی بەو لاپەڕانەی (ژین) ـەوە دەکەم ، کە من و چەندانی وەك منی تێدا دەرکەوتین... هەر چەندە ئەو سەردەمەی رۆژنامەی (ژین) و

ڕۆژنامە و گۆڤارەكانی تـری هاوڕۆژگـاری (ژیـن) تیایـدا دەركـەوتن، لـە هەلومەرجێكـدا سـەریان هەڵـدا، كـە گـەلی كـورد، لـەدوای شۆڕشـی ئـەیلوولی سـاڵی (1961 ز) ەوە، تووشـی گـەلێ كارەسـاتی سـەخت و دژواری وەك كوشت و بڕ و سووتان و شەڕی براكوژی و بێبـەش بـوون لە هـەموو مافێك و بەتایبـەتیش مـافی فـەرهەنگیی كرابـوو، دوای ئـەو (10) سـاڵەش بـە سـەر ئـەو كارەسـاتانەدا و دەرچـوونی بەیاننامـەی (11ی ئـازار)، جـەماوەری كوردسـتان لـە بـەردەوام وەرسـووڕانێكی گـەورەی سیاسـیدا خـۆی دیبـووەوە و لـەم وەرسووڕانەشـدا، ئاسـاییە ئەگـەر كـەمتر و بـە شـێوەیەكی بنەوەشـیی، ئـاوڕ لـە مەیدانـە جۆربەجۆرەكانی فەرهەنگ و ئـەدەب بدرێتـەوە، بۆیـە زۆرینـەی ئـەو بەرهەمـە ئەدەبییانـەش كـە لـە دوای سـاڵانی (1970 ز) ـەوە دەنووسران و بڵاودەكرانـەوە، تەنانـەت ئـەو بزووتنـەوە ئەدەبییانـەش كە بانگاشـەی نوێگەرایـەتییان دەكـرد، توێـژاڵێكی خەسـتی سیاسـەت و دروشمـاویی، ئاوقـەیان ببـوو. كـاتێكیش ئەمـە دەڵـێم، هـەر مەبەسـتم بـاری ئـەدەبیی و فەرهـەنگیی دوای سـاڵانی (1970 ز) نییـە، بـەڵكو مەبەسـتم هـەموو ئـەو سـەردەم و قۆناغانەیـە كـە دوای ڕووداوێكـی گەورەی سیاسی سەرهەڵدەدەن، وەك ئەزموونی كۆمـاری كوردسـتان لـە مـەهاباد (1946 ز) و ئـەزموونی دوای سـاڵانی (1958 ز) و ئـەم ئەزموونـەش كـە ئێسـتا ئێمـەی پێـدا تێدەپـەڕین، هـەمان ئـەزموونی وەرسـووڕانی سیاسـی، كۆمەڵایـەتی و ئـابووری پێشـووەكانە (بـەڵام بـە جـۆرێكی تـر) و ئـەم وەرسـووڕانەش هـەموو لایەنـەكانی ژیـانی

کـوردەواری گرتۆتــەوە و کـاری ئــەدەبیی فەرهــەنگیی جـددی تێـدا دەگمــەن و کەمــە. بۆیــە لــە دوای ســالآنی (1991 ز)ی ســەدەی پێشووەوە کە پێی دەوتـرێ: قۆنـاغی دوای راپـەڕین، زۆرتـر مەبەست لە واژەی (راپەرین)، دیوە سیاسییە زە قەکەیـەتی نـەك (راپـەڕین) لـە بوارەکــانی تــردا، کــە ئێمــە لێــرەدا تــەنیا مەبەســتمان لایــەنی فەرهەنگییـە، هـەر لەبـەر ئەمەشـە لـە دوای سـالآنی (1991 ز)ـەوە، کـاری فەرهـەنگی جـددی زۆر کـەم کـراوە و ئەگـەریش کرابـێ زۆر دەگمـەن و کەمـە و بـە پەنجـەی دەسـت دەژمێـردرێن و ئـەو ژمـارە کەمەش بۆ ئەم (17) ساڵەی دوایـی، بارتـەقای ئـەو هـەموو چاپکراوە کوردییە نین کە لە هیچ سـەردەمێکی تـری مێـژووی کـورددا، ئەوەنـدە ژمارەی چاپکراوی کوردی بەخۆیـەوە نـەدیوە و هۆیەکەیشی ئەوەیـە، وەك ئاماژەمان پێکرد، ئەمجۆرە سەردەمانە، زۆرتـر هـەر هـات و هـاوار و بانگاشـە و دەنگـەدەنگ بـەدوای خۆیانـدا دێـنن و زۆرتـر هـەر ئـەو ناوانەش بەر گوێمان دەکەونەوە کـە شـەیدای خۆدەرخسـتن و هەڵپـەی بلآوکردنـەوەی بەرهـەمی کـرچ و کـاڵ دەدەن. بۆیـە کـاتێ لـەمجۆرە قۆناغانەدا ، بەدوای تەقەللاو کاری راستەقینە و جددی دا دەگەڕێین، هەر چەند ئیسگەیەکی رووناکی وەك رۆژنامـەی (ژیـن) و نموونـەکانی وەك (ژین) دەبینین و ئیتر ئـەوانیتر، هـەر هـەڵم بوون و بـە ئاسمانـدا چوون و دیار نەمان، کە بێگومان دەبێ لێـرەدا ئـەوەمان لـە یـادبێ کـە مامۆسـتا (کاکـەی فـەللاح) لـەم بـوارەدا کەسـێکی بـە ئـەزموون بـوو، چونکە هەر خۆی سەردەمی دوای سـالآنی (1958 ز) یشی لـە یـادبوو

**كـه نووسـەرانی هۆشـیاری، ئـەمجۆرە سـەردەمە پـڕ لـە ژاوەژاوانـەدا، کـەمتر خۆیـان لـە قـەرەی ناوەنـدەکانی ڕاگەیانـدن و بڵاوکردنـەوە دەدەن، بۆیە کەسێکی نـاوداری وەك (گـۆران) ی شـاعیر، کـە لـە سـاڵانی پەنجاکاندا، لە لووتکەی ناوبانگدا بووە، بەڵام بە دەگمـەن تـوخنی ئـەو بڵاوکراوە پـڕ لـە ژاوەژاوانـە کـەوتووە، کـە لـەو سـاڵانە سیاسـییاوییەدا دەرچوون، بەڵکو زۆرتـرلـە گۆڤـارێکی هێـور و ئـارامی وەك (شـەفەق)دا دەرکـەوتووە... هـەر لەبـەر ئەمـەش بـووە مامۆسـتا کاکـەی فـەللاح، تەقـەللای دەدا: دەنگـە دەنــگ و ژاوەژاو، لــە ڕۆژنامــەی (ژیــن) دووربخاتـەوە و کـەش و هەوایـەکی ئـارامی بـداتێ و بـە تـەنگ ئـەو بەرهەمانەشـەوە بـوو، چ نووسـین، چ چـیرۆك، چ شـیعر و چ ڕەخنـە... کە لە ڕۆحێکی ئارام و هێوردا سەریان هەڵدەدا.**

## سەرپەرشتیاری چاپخانەکەی کاکەی فەللاح لە ( ژین ) دەدوێت

بەڕێز لەتیف شێخ عارف قەرەداغی، کارمەندی دێرینی بواری چاپو چاپخانە بووە لە کوردستاندا.

لەسەرەتای پەنجاکاندا بەهۆی ئەوەی کە دراوسێی (چاپخانەی ژین) بووە. بەچاپخانەکە ئاشنابووەو خولیای کاری (پیتچنین) واتە (مرتب الحروف) لەکەللەی داوە، ئەو دەمە مامۆستا گۆران سەرنووسەری (ژین) بووە..

کاک شێخ لەتیف دەڵێ: ساڵانی 1953-1954 بەردەستیی مامۆستا گۆرانم دەکرد لەکارەکانیداو ساڵی 1958 کە مامۆستا ئەحمەد زرنگ رۆژنامەکەی گرتە دەست تەواو فێری پیتچنین بووم، کە ساڵی 1963 چاپخانەکە داخرا منیش بوومە کارمەندی چاپخانەی (کامەرانی).

- سەبارەت بە سەرەتای کارکردنی لە (ژین)دا دەڵێ:

**ساڵی 1970 کاکەی فەللاح چاپخانەیەکی دانا، لە هەمانکاتدا رۆژنامەی (ژین)ی دەرکردەوە، کاکەی فەللاح لەرێی جوانەمەرگی برامەوە (شێخ رەووفی قەرەداغی) داوای لێکردم کاری لەگەڵ بکەم.**

**کاکم وتی: بۆ کاری لەگەڵدا ناکەی، پیاوێکی پیاوانەیەو چاپخانەی داناوەو (ژین) دەخاتەوە بەردیدی خوێنەران، ئەمە گەورەترین خزمەتە.**

**منیش رازی بووم، لەگەڵ هاورێکانم (خەلیل ئەمین و عوسمان کەریم و حەمە رەزا کەرکوکی) بووینە کارمەندی چاپخانەو بەرپرس لە چاپی (ژین).**

- پاشان وتی:

**کاکەی فەللاح پیاوێکی مەزن بوو، تێکۆشەر و ئەدیب و قوربانی بەخش بوو، یارمەتیی نووسەرانی دەداو رێنمایی دەکردن، خەڵکی**

هەموو رۆژانی (پێنج شەممەیەك) بەپەرۆشەوە چاوەڕوانی گەیشتنی (ژین)بوون بۆ بازاڕ.

# پاشكۆی (3)







خاوەن أمتیاز : کاکەی فەللاح

سەرەك نووسین : عبدالقادر بەرزنجی

ئابوونـــەی ســالانـــە

بۆ ناو سلیمانی : ١٢٥٠

بۆ نــاو عـیراق : ١/٥٠٠ دینار

ناونیشان : سلیمانی :

خانـەی پـیرەمیرد /رۆژنامەی

کاکـەی فەلـــلاح

رمانەوانی

# پیتی ( ی ) لەکوردی دا

ب

رەئووفی ئەحمەد ئالانی ی

نیمچە ( ی ) یا ( ی ) فرە کورت ، وەك لە وێنەی ( چیا ، دیار بەکر )دا هەستی پێ دەکرێ ، لە دوای پیتی چ ، د ، ك ـ دا بەڵام لە ڕێنووسەکەمان دا کە بە پیتی عەرەبی یە نیشانەی بۆ دانەنراوە هەرچەند لە شێوەی لاتینیدا ( کە ئاواتی دوا ڕۆژمانە ) پیتیی خۆی هەیە وەك بنووسین : ( digarbekir ) بەڵام نووسینی « ی » کورت و درێژ هەر بە شێوەی عەرەبیی گیروگرفتی تیا چارەسەر ئەکری کەواتە پێویست بە بیانووگرتن ناکات ، چونکە ئەگەرنووسینمان بە لاتینی بێ و بە دەربەستی دەستوورو باوی ڕێزمانەوە ئەبێ ئەوا لە وێش دا هەڵە بە تەغار پەیا ئەبێت !!

تا ئێستا لە « ی » دوای ...



## گۆشەی هونەر

دەنگوباسی کۆمەڵی هونەرو وێژەی کوردی ـ سلێمانی

× کۆمەڵی هونەرو وێژەی کوردی لە سلێمانی بەهاوکاری یەکێتی لاوانی دیموکراتی کوردستان ـ لقی سلێمانی • لەمانگی داهاتودا ئەچن بۆبەغدا بۆگێرانی ئاهەنگی گۆرانی و مۆسیقا لەگەڵ چیرۆکی شانۆگەری (شایی خوێناوی) نووسینی نووسەری بەناوبانگی اسپانی ( لورکا )•وەلە دەرهێنانی هونەرمەند کاك نەوزاد مجید ئەندامی کۆمەڵ • کەزیاتر لە ٥٠ هونەرمەندی کورو کچ بەشداری ئەکەن

× بەم نزیکانە کۆمەڵ هەڵئەستێ بەخستنە سەرشانۆی شانۆگەری ( شێخی تەپلە رەش ) لەسلێمانی کەلە نووسینی کاك علی توانا ئەندامی کۆمەڵە • وەکاك طە خلیل دەری ئەهێنی بۆسەر شانۆ • کە چیروکێکی کۆمەلایەتی کۆمیدی یە •

× لەکۆتایی ئەممانگەدا دەستەیەك لە گۆرانی بێژانی کۆمەڵ ئەچن بۆ بەغداد بۆ تۆمار کردنی چەند گۆرانی یەك بۆ ئێستگەو تەلەفزیۆن • هەروەها ئیپی تایبەتی کۆمەڵ ئامادەیی خۆیان ئەکەن بۆ ئامادە کردنی چەند ئاوازێکی خۆش بۆ هەمان مەبەست •

× کۆمەڵ ٩٧٠/١٢/٣١ لەشەوی فەرمانبەران هەڵسان بەگێرانی ئاهەنگێکی گەورە لە گۆرانی و مۆسیقاو شانۆگەری • بەبۆنەی کۆتایی ساڵ و داهاتنی ساڵی تازەوە هەروەها دامەزراندنی کۆمەڵ لەو رۆژەدا • کەساڵێك تێ ئەپەرێ بەسەر دامەزراندنیا •

× لە هەفتەی رابوردودا کۆمەڵ لەبارەگای کۆمەڵ هەڵسان بەگێرانی گفتوگۆ ( ندوە ) لەنێوان ئەندامانیا لەرووی هونەری و وێژەو ئەو هەنگاوانەی لە دوا رۆژدا ئەی نێ



# لە پەندەکانی پیرەمێرد

بارانی نیسان دوڕو گەوهەرە
لە ڕاستیی ئێمە ژاڵەی بێ بەرە
فریشتەی ڕەحمەت لە تەققەی بۆمبا
هەڵفڕیەوە ، ڕەنجمان چوو بە با
خوا فەرمووی : دنیا بچۆرە بنە
ڕوو بکەرە ئەوەی کە ڕووی لە منە



# دەنگوباسی ناوخۆ

مامۆستا شکری صبری حدیثی پارێزگاری سلێمانی ڕۆژی ٢٩/١٢/٧٠
بە ئەرکی ڕەسمی چوو بۆ بەغدا کاک احمد عبد القادر نقشبندی بوویە
... پارێزگار .

بۆ بارمەتیدەری پارێزگار لە
ئیدارەی ناو خۆیی سلێمانی
دانیشتوی دێی (مایلوا) ی سەر بە ناوچەی بەرزنجە خواستان ئەوەیە
ئەوەی تاقە یەك بیری ئاو خواردنەوەیان هەیە و بەشی یان ناکات
وایە کە بیرێکی ارتوازی یان بۆ هەڵبکەندرێ تا لەو گیرو گرفتە
... ان بێت

سەرۆکی شارەوانی سلێمانی
... اونکی دوورو درێژمان بۆهاتوە لە لایەن یەکێك لە هاووڵاتیە دڵسۆزە ...
... دەربارەی شەقامی (مەحوی) وهۆی دواخستنی تەواو بوونی ئەو
... ەودو گرنگە ، تا بزوتنەوە هات و چۆ کردنی هەموو ئەوعەشاما ...

## کۆچی دوایی

سوپاس

بەناوی خۆمان و هەموو خزم و
عەشیرەتمانەوە زۆر سوپاسی هەموو ئەو
بەڕێزانە ئەکەین کە ئەرکیان کێشاوە
بە بۆنەی کۆچی دوایی سەرەك هۆزی
سایل عوزێری (حاجی براییمی چەرمەگ)
وە بە پیرەوە چوون و چ بەهاتن بۆ
پرسە ، یان بروسکەو نامەیان ناردوە
هیوادارین هەموو لایەك لە ناخۆشی
دووربن .
مجید ڕۆستم ...



# لە پەندەکانی پیرەمێرد

بارانی نیسان دوڕو گەوهەرە
لە ڕاستی ئێمە ژاڵەی بێ بەرە
فریشتەی ڕەحمەت لە تەقەی بۆمبا
هەڵفڕیەوە ، ڕەنجمان چوو بە با
خوا فەرمووی : دنیا بچۆرە بنە
روو بکەرە ئەوەی کە ڕووی لە منە



# مەتەڵی ژمارە

١ـ ئەگەر کات ژمێری ٨ ی شەو چویتە ناو
... بۆ خەوتن وەکاتی جەرەسی کات ژمێر لەسەر
... ی بەیانی بوو . ئایا چەند کات ژمێر ئەتوانیت
... لەم ماوەیەدا ؟
٢ـ ئایا لە فەرەنسا ( ١١ ) ی ئازار هەیە .
٣ـ هەندی مانگ لەمانگەکانی ساڵ ٣٠ ڕۆژی
... یە . وەهەندیکی تر ٣١ ڕۆژی تیایە . ئەو ...
... مانگ ٢٨ ڕۆژی تیایە .
٤ـ بۆچی پیاوێك کەلە شاری ( ونستن ) ئەژی
... ناوچەی کارولینا . نابی بنێژری !
٥ـ زازایەکی پاشماوە ( آثار ) ئەلێ کەپارچەیە
... ی دۆزیوەتەوە لەسەری نوسراوە ٤٦ ب


ووشەیەك :

## گوشە ئەدەبی‌یەكان

لە سەر ئەدەب زۆر ئەنوسرێ . . ئەووترێ . . بڵاو ئەكرێتەوە . .
بەڵام زۆرێكی پوخت و رێك و پێك‌ما . ! ! ئەم‌ووتارو نووسراوانە ،
هەندێكیان ـ گەر نەڵێین ـ زوربەیان دووپات كردنەوە و هەڵدانەوەی لاپەرە
كۆنە پەك كەوتووەكانێتی ، نەك ڕێڕەوی ئەدەبێكی نوێی هاو چەرخانە
نوێ‌یەكی ئەوتۆ لەگەڵ بزووتنەوەی پێشكەوتووانەی كورد دا بگونجێ . .
هەندێ لەوماموستایانەی گۆشە ئەدەبی‌یەكانی ئیستەو ئەلەفزیون پێشكەش
ئەكەن . . ئەنانەت لەو كەسانەش كەجار جار لە كۆبونەوە گشتی‌یەكانی
یەكیتی ئەدیبانی كورد لەسلیمانی . . هەندێ لەوانە شیوەی ئاسایی و
سادەیی بكرە ساكاریش زاڵە بەسەرئەو باسانەی پێشكەشی ئەكەن . . .
خۆماندوو كردن ،گەڕان بەشوێن سەر چاوەی زانستی وراستا ، كوڵینەوە
و سوود وەرگرتن لە بابەتی نوێ . . نوێ‌یەكی گونجاو نەك نویەكی
چیروكێك یان هۆنراوەیەكی سەروشوێن و پڕلەگرێ و لەغز ، شتی‌تازە ،
كاری ئەدەبی پێشكەو توانە . . هەموو ئەمانەو شتی تر كەمتر بەدی
ئەكرێن لەو كوشانەدا . . گۆشەی ئەدەبی هەرووتنەوەی چەندشتێك . .
دووپات كردنەوەی شتی كۆن . . كومان كردن لەهەندێ رادەبڕین . .
یان تەرجەمەكردنی هۆنراوەیەكی جەبران خلیل جەبران‌نی‌یە . . بابەدەنگێكی
پڕسۆزو ئاوازێشەوە بخوێنرێتەوە ! ! ئائێستا بەشیوەیەكی زانست ئەوەتە
چەسپاوە كە ئەدەبی كلاسیك خزمەتی دەرەبەگ و رومانسی خزمەتی
چینی بورژوازیی‌كردەوە لەئەدەبی‌كوردیا . . هەرچەندە ئەمە رایە وریزم
بوهەمووڕایە چونكە ئەم رایانە پێویستی‌یان بەدراسەت و لیكولینەوەی
زیاترە . . ئەم دراسەیە بۆ هەموو رایەكی ئەدەبی هۆنراوە ، چیرۆك
رومان . . چونكە نەك تەنها رایەك بكرە كۆمەڵە رایەكیش زۆر جار
ئەم جۆرە شتانە وەك خۆی ئاچەسپێنی . . هەمیسانەوە ڕێزم بۆ هەمو

## هەتەلی ژمارە

١ ـ ئەگەر كات ژمێری ٨ ی شەو چویتە ناو
...بو خەوتن وەكاتی جەرەسی كات ژمێر لەسەر
...بەیانی بوو . ئایا چەند كات‌ژمێر ئەتوانیت
...لەم ماوەیەدا ؟
٢ ـ ئایا لە فەرەنسا ( ١١ ) ی ئازار هەیە .
٣ ـ هەندی مانگ لەمانگەكانی سال ٣٠ روژی
تیایە . ئەی ... وەهەندیكی تر ٣١ روژی تیایە .
...مانگ ٢٨ روژی تیایە .
٤ ـ بوچی پیاوێك كەلە شاری ( ونستن ) ئەژی
...جەی كارولینا . نابی بنێژری !
٥ ـ زازایەكی پاشماوە ( آذار ) ئەلی كەپارچەیە
...ی دوزیوەتەوە لەسەری نوسراوە ٤٦ پ

# سەرچاوەکان

## بەزمانی کوردیی:

1- رەفیق سالّح ئەحمەد، بیبلیۆگرافیای رۆژنامەنووسیی کوردی لەشاری سلێمانی (1920 – 1990)، شارەوانی سلێمانی، 2002.

2- د.کەمال مەزهەر ئەحمەد، تێگەیشتنی راستی و شوێنی لە رۆژنامەنووسیی کوردیا، بەغدا، کۆڕی زانیاریی کورد، 1978.

3- نەوشیروان مستەفا ئەمین، چەند لاپەڕەیەك لەمێژووی رۆژنامەوانیی کوردی، بەرگی دووەم، سلێمانی، بەڕێوەبەرێتی گشتیی چاپ و بلاّوکردنەوە، 2002.

4- عەبدولجەبار محەمەد جەباری، مێژووی رۆژنامەگەریی کوردی، سلێمانی، 1970.

5- ئومێد ئاشنا، پیرەمێردی رۆژنامەنووس، سلێمانی، 1998.

6- هەڤاڵ ئەبوبەکر حسێن، چەشنە ئەدەبی و رۆژنامەنووسییەکان و رەنگدانەوەیان لە (ژیان و ژین)دا، سلێمانی، بنکەی ژین، 2007.

7- جەمال خەزنەدار، رابەری رۆژنامەگەریی کوردی، بەغدا، 1973.

8- نەوشیروان مستەفا شەمین، ژیان .. بەتەمەنترین رۆژنامەی کوردی، شارەوانیی سلێمانی، 2005.

9- د.فـــاروق محەمـــەد ئەبوزەیـــد، ســـەرەتایەك لەزانســـتی ڕۆژنامەوانی، و/ فەرەیدون ڕەووف عارف، سلێمانی، 2006.

10- م.ســـەلام نەســـرەدین، ڕاگەیانـــدنی تایبەتمەند، کۆی موحازەرەکانی قۆنـاغی چوارەمی بەشی ڕاگەیانـدنی زانکۆی سلێمانی، 2007 – 2008.

11- دییـۆرا پۆتـەر، ڕێنـوێنی ڕۆژنامـەوانیی بێلایەن، و/ عەبدولڕەزاق عەلی، هەولێر، دەزگای ئاراس، 2007.

12- کـاروان عـەلی، ڕۆژنامەگـەریی تایبەتمەنـد، کەرکوك، 2007.

13- بـەدران ئەحمـەد حـەبیب، فەرهـەنگی زاراوەگەلی ڕاگەیاندن، هەولێر، کۆڕی زانیاریی کوردستان، 2005.

14- کـاروان عـەلی، هونـەری ڕۆژنامەنووسـیی، سلێمانی، دەزگای خەندان، 2004.

## بەزمانی عەرەبی:

1- د.ادیب خضور، الآعلام المتخصص، دمشق، 2005.

2- احمد موسی قریعی، ضمیر الصحافة، القاهرة، مکتبة مدبولي، 2008

3- د. کرم شلبی، معجم المصطلحات الأعلامیة، دارالجیل، بیروت، 1994.

## ڕۆژنامە:

1-ڕۆژنامـەی ژیـن، ژمارەکـانی سـاڵی یەکـەم (1 – 24)، سـلێمانی، 1970 – 1971.

# چاپکراوەکانی نووسەر

1- شۆرشی مردووەکان، شانۆنامەی وەرگێڕراو:

چاپی یەکەم، بەغدا، 1980.

چاپی دووەم بەناوی (مردووەکان بنێژن)، سلێمانی، 1998.

2- پێنج وتاری شانۆیی، وەرگێڕان بەهاوکاریی چوار نووسەر، بەغدا، 1980.

3- کۆچ بۆ دارستان، چیرۆکی منداڵانی وەرگێڕراو:

چاپی یەکەم، بەغدا، 1988.

چاپی دووەم، سلێمانی، 2008.

4- قەفەزی زێڕین، چیرۆکی منداڵانی وەرگێڕراو:

چاپی یەکەم، سوید، 1994.

چاپی دووەم، سلێمانی، 2000.

5- بیبلیۆگرافیای هەردوو گۆڤاری نووسەری کوردو نووسەری کوردستان، بەهاوکاریی نەوزاد عەلی ئەحمەد، سلێمانی، 1988.

6- کێشەی کەمینە نەتەوەییەکان لەوڵاتانی عەرەبدا، وەرگێڕان، سلێمانی، 1998.

7- دروستبوونی دەوڵەتی کوردی، وەرگێڕان، سلێمانی، 1998.

8- مەرگی وەنەوشە، چیرۆکە هەواڵ:

چاپی یەکەم، سلێمانی، 2000

چاپی دووەم، سلێمانی، 2002

چاپی سێیەم، سلێمانی، 2010

9- لەئەرشیفی شانۆی کوردییەوە، سلێمانی، 2001.

10- کە ئاگر دەریای خامۆشکرد، بەرهەمی رۆژنامەنووسیی، سلێمانی، 2001.

11- چەند بابەتێکی شانۆیی، وەرگێڕان، سلێمانی، 2001.

12- ئەکتەرە کوردەکان، سلێمانی، 2001.

13- دوای بیست ساڵ، چوار شانۆنامەی ئامادەکراو وەرگێڕراو، سلێمانی، 2001.

14- بیبلیۆگرافیای 24 ژمارەی گۆڤاری سەردەم، سلێمانی، 2002.

15- چاوەکانی تابان، چیرۆکی رۆژنامەنووسیی:

چاپی یەکەم، سلێمانی، 2002.

چاپی دووەم، سلێمانی، 2007.

16- چەند باسێك دەربارەی شانۆی کوردی، سلێمانی، 2005.

17- چەند باسێکی شانۆیی، وەرگێڕان، هەولێر 2008.

18- فەرهەنگی شانۆ، بەرگی یەکەم، سلێمانی، 2008.

19- لەئێوارەیەکدا، پێنج شانۆنامەی یەك پەردەیی وەرگێڕراو، هەولێر، 2008.

20- بەرەو ئەستێرەیەکی تر، شانۆنامەی بەکوردی کراو، سلێمانی، 2008.

21- هونەری دراما، سلێمانی 2009.

22– ئەزموونە درەوشاوەکانی شانۆ، وەرگێڕان، سلێمانی، 2010.
23– گـــەورەبوونی رۆح، بەرهـــەمی رۆژنامەنووســـیی، ســـلێمانی، 2010.
24– ئیتیکی کاری راگەیاندن و حەتمیەتی تەکنولوجیا، وەرگێڕان، سلێمانی، 2010.